# المسار التاريخي للقيادة الفكرية في توجيه الإنسان المهيمن والمتمرد: من منظور فلسفة ألبير كامو وصامويل هنتنغتون


**فهد كريم أسعد**

اللقب العلمي: أستاذ مساعد، فاكولتي التربية، قسم التربية البدنية والعلوم الرياضة- جامعة سوران

البريد الإلكتروني: fahad.asad@soran.edu.iq

**د. سردار رشكو عمر**

اللقب العلمي: مدرس: وزارة التربية

البريد الإلكتروني: sardarbradosty8090@gmail.com

**سامان عثمان عالي**

اللقب العلمي: أستاذ مساعد، فاكولتي الآداب، قسم التاريخ، جامعة سوران

البريد الإلكتروني: Saman.alee@soran.edu.iq



**الكلمات المفتاحية:** القيادة، الاتجاه التاريخي، الإنسان المهيمن، الإنسان المتمرد، صراع الحضارات، ألبير كامو، هنتنغتون.

**كيفية اقتباس البحث**

أسعد , سامان عثمان عالي, سردار رشكو عمر , فهد كريم المسار التاريخي للقيادة الفكرية في توجيه الإنسان المهيمن والمتمرد: من منظور فلسفة ألبير كامو وصامويل هنتنغتون ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آب ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٨ .



**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**



**مسجلة في Registered**
**ROAD**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

# The Historical Trajectory of Intellectual Leadership in Directing the Dominant and Rebellious Man: From the Philosophical Perspectives of Albert Camus and Samuel Huntington

**Fahad Kareem Asaad**
Academic Title: Assistant lecturer, Faculty of Education, physical education_ Soran University
Email: Fahad.asad@soran.edu.iq

**Dr. Sardar Rashko Omar**
Academic Title: Lecturer: Ministry of Education
Email: sardarbradosty8090@gmail.com

**Saman Othman Alee**
Academic Title: Assistant lecturer, Faculty of Arts, Department of History, Soran University
Email: Saman.alee@soran.edu.iq

**Keywords** : Leadership, Historical Direction, Dominant Man, Rebellious Man, Clash of Civilizations, Albert Camus, Huntington.

**How To Cite This Article**
Asaad , Fahad Kareem , Sardar Rashko Omar ,Saman Othman Alee The Historical Trajectory of Intellectual Leadership in Directing the Dominant and Rebellious Man: From the Philosophical Perspectives of Albert Camus and Samuel Huntington ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, August 2026,Volume:16, Issue 8.

CC BY NC ND

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract**:

This study attempts to uncover the internal and philosophical drivers of the course of history by investigating and comparing two opposing psychological and intellectual approaches: the "Dominant Man" in Samuel Huntington's Theory of the Clash of Civilizations, and the "Rebellious Man" in Albert Camus's existential and ethical philosophy. The core problem of the research revolves around the structure of regional/contextual consciousness: First, is history the product of power struggles and a closed cycle of cultural dominance as Huntington perceives it, or is it a complex process in which free conscience and moral rebellion—as Camus sees it—alter its trajectory? This study attempts to find a bridge between these two perspectives to transcend the dichotomies of their models and identify an alternative path.

The contextual foundation for the emergence of the "will to dominate" as a collective instinct in Huntington's thought is analyzed alongside the "will to moral challenge" in Camus's philosophy. These two distinct viewpoints illuminate, on one hand, the history of civilizations as a multipolar arena where the Dominant Man utilizes core states to impose cultural hegemony; on the other hand, Camus's concept of the Rebellious Man is presented as the moral engine of history. Ultimately, this aims to show how the Rebellious Man, beyond the framework of Eurocentrism, becomes a historical agent resisting subjugation and forging a new, free identity—guiding the course of history toward a new horizon grounded in human conscientious strength. It involves a tragic cycle wherein the limitless rebel transforms into a new dominant actor, initiating a new phase of clash based on fanatical collective identity versus the free individual conscience. Because the roots of the clash of civilizations stem from the dominance of nihilism in the modern world, the continuation of human existence relies on a theory of moral balance, in which rebellion becomes an instrument of justice rather than a means to impose a new hegemony.

**الملخص:**

تعد هذه الدراسة محاولة لاكتشاف المحركات الداخلية والفلسفية لمسار التاريخ من خلال البحث والمقارنة بين نهجين نفسيّين وفكريّين متضادَين: "الإنسان المهيمن" في نظرية صراع الحضارات لصامويل هنتنغتون، و"الإنسان المتمرد" في الفلسفة الوجودية والأخلاقية لألبير كامو. تدور المشكلة الرئيسية للبحث حول محور الهيكلية الوعائية/الإقليمية: أولاً، هل التاريخ وليد صراع القوة ودائرة مغلقة من الهيمنة الثقافية كما يراه هنتنغتون، أم أنه عملية معقدة يغير مسارَها الضميرُ الحر والتمرد الأخلاقي كما يراه كامو؟ تُعد هذه الدراسة محاولة لإيجاد منفذ بين هذين الفكرين لتجاوز التقسيمات التقليدية لأنماطهما واكتشاف خط ثالث.

تم تحليل التمهيد لنشوء "إرادة الهيمنة" كغريزة جماعية عند هنتنغتون، مقابل "إرادة التحدي الوجداني" عند كامو. يسلط هذان المنظوران المختلفان الضوء من جهة على تاريخ الحضارات كساحة متعددة الأقطاب يستخدم فيها الإنسان المهيمن "الدول المحورية" لفرض الهيمنة الثقافية، ومن جهة أخرى يُقدَّم مفهوم "الإنسان المتمرد" عند كامو كمحرك أخلاقي للتاريخ؛ وذلك لإظهار كيف يتحول الإنسان المتمرد -خارج إطار المركزية الأوروبية- إلى فاعل تاريخي لرفض التبعية وصياغة هوية جديدة حرة، ليخطو مسار التاريخ في هذا الاتجاه كمنفذ جديد قائم على قوة وجدانية إنسانية. ولأن جذور صراع الحضارات تعود إلى سيادة العدمية في العالم الحديث، فإن استمرارية الحياة البشرية مرهونة بنظرية التوازن الأخلاقي، التي يصبح فيها التمرد أداة للعدالة لا لفرض هيمنة جديدة.

## ڕێڕەوی مێژوویی سەرکردایەتی هزری لە ئاڕاستەکردنی مرۆڤی زاڵ و یاخی: لە ڕوانگەی فەلسەفەی ئەلبێرت کامۆ و ساموێل هەنتنگتۆندا

**فهد كريم أسعد**
نازناوی زانستی؛ مامۆستای یاریدەدەر، فاکەڵتی پەروەردە. زانکۆی سۆران
Fahad.asad@soran.edu.iq

**د. سردار رشكو عمر،**
نازناوی زانستی مامۆستا، شوێنی کار وەزارەتی پەروەردە
sardarbradosty8090@gmail.com

**سامان عثمان عالي،**
نازناوی زانستی، مامۆستای یاریدەدەر، فاکەلتی ئاداب، بەشی مێژووو. زانکۆی سۆران
**Saman.alee@soran.edu.iq**

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی بزوێنەرە ناوەکی و فەلسەفییەکانی ڕێڕەوی مێژوو لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و بەراوردکردنی دوو ڕێبازی دەروونی و فیکریی دژبەیەک **مرۆڤی زاڵ** لە تیۆریی پێکدادانی شارستانییەتەکانی ساموێل هەنتنگتندا، و **مرۆڤی یاخی** لە فەلسەفەی وجودی و ئەخلاقیی ئەلبێرت کامۆدا پێکهاتەی هۆشیاریی ناوچەیی کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە لە دەوری تەوەر دەخولێتەوە یەکەم ئایا مێژوو بەرهەمی ململانێی هێز و بازنەیەکی داخراوی باڵادەستیی کلتوورییە وەک هەنتنگتن دەیبینێت یان پرۆسەیەکی ئالۆزە کە تێیدا ویژدانی ئازاد و یاخیبوونی ئەخلاق وەک کامۆ دەیبینێت ڕێڕەوەکە دەگۆڕن؟ ئەم لێکۆلینەوەیە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی دەروازیەک لەنێوان ئەم دوو هزرە بۆ تێپەڕاندنی دابەشکری شێوازەکانیان هەبوونی هێلێکی تر.
زەمینەسازیی بۆ دروستبوونی ویستی زاڵبوون غەریزەیەکی بەکۆمەڵ لای هەنتنگتن و ویستی ئالەنگارینلای کامۆ شیکار کراوە ویژدانییە ئەم دوو تێڕوانینە جیاوازە جارێک تیشک دەخاتە سەر



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

مێژووی شارستانییەتەکان وەک مەیدانێکی فرەجەمسەر کە تێیدا مرۆڤی زاڵ دەوڵەتە تەوەرەکان بۆ سەپاندنی هەژموونی کلتووری بەکاردەهێنێت لە چەمکی مرۆڤی یاخی لای کامۆ وەک بزوێنەری ئەخلاقیی مێژوو دەخرێتە ڕوو دواجار تا نیشان بدرێت چۆن مرۆڤی یاخی لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەوروپی ناوەندگەرایی، دەبێتە بکەرێکی مێژوویی بۆ ڕەتکردنەوەی ژێردەستەیی و دارشتنەوەی شوناسێکی نوێی ئازاد ئینجا ڕێڕەوی مێژوو بەو ئاراستەیە هەنگاو بنێت وەک دەروازەیەکی نوێ لەسەر بنەمای هێزێکی ویژدانی مرۆیی .

کاتێک یاخیبووی بێئەندازە خۆی دەگۆڕێت بۆ زاڵکارێکی نوێ **ئەوکات دەبێت بە قۆناغی پێکدادانی نوێ لەسەر بنەمای** شوناسی بەکۆمەڵی دەمارگیر و ویژدانی تاکی ئازادە لەبەر ئەوەی ڕەگی پێکدادانی شارستانییەتەکان بۆ باڵادەستیی پووچگەرایی لە جیهانی نوێ دەگەڕێتەوە بەردەوامیی ژیانی مرۆڤایەتی بەستراوەتەوە بە تیۆریی هاوسەنگیی ئەخلاق، کە تێیدا یاخیبوون دەبێتە ئامرازی دادپەروەری نەک سەپاندنی هەژموونێکی نوێ.

**وشە کلیلەکان:** سەرکردایەتی، ئاراستەی مێژوویی، مرۆڤی زاڵ، مرۆڤی یاخی، پێکدادانی شارستانییەتەکان، ئەلبێرت کامۆ، هەنتینتگتون.

## پێشەکی

ڕۆڵی سەرکردایەتی وەک چەمکێکی دیاری ناو زانستی بەڕێوەبردن بە جۆرێکە بەژدارییەکی کارای هەیە لەسەرجەم بوار و سێکتەرە جیاوازەکاندا، ئەم کاریگەرییە لە قۆناغە مێژووییەکانەوە درێژ دەبێتەوە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ، هەروەها لە بوارە جیاوازەکانەوە ڕۆڵی دیاری هەبووە کە کاریگەری کردۆتە سەر ئاراستەکردن و شێوەدانی نەخشەی مێژوویی و هەنگاوەکان بە ئاراستەی ئەو ئامانجەی کە لە باوەڕی تاکی سەرکردەوە سەرچاوەدەگرێ. لەچوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدات چوارچێوەی ئەو هێزە کاریگەرانە دەستنیشان بکات و ڕۆڵ و کاریگەری سەرکردایەتی فەلسەفی کە کاردەکاتە دەکاتە سەر بیر و باوەڕی مرۆڤ، وەک پاڵنەری ئاراستەکردنی دەست نیشان بکات. بۆ بەدواداچوونی ئەم کاریگەرییە هزری-مێژووییە، توێژینەوە بەراورد لە نێوان دوو ڕوانگەی فەلسەفی دەکات لە ئاراستەکردنی هزری و بیروباوەڕی مرۆڤ؛ ئەوانیش دید زاڵ و یاخییە. بۆ شیکردنەوەی ئەو ڕوانگانە کە لە تێگەیشتن و فەلسەفەی هەردوو بیرمەندی مێژوویی ئەلبێرت کامۆ و ساموێل هەنتنگتۆن ڕەنگیداوەتەوە، وەک بنەمای بەراوردکاری هزری و فەلسەفی کا کاریگەری لەسەر ڕێڕەوی مێژوویی بیرکردنەوەی مرۆڤ هەبووە لە ئاست مرۆڤی زاڵ و مرۆڤی یاخی.

**گرنگی توێژینەوە:** گرنگی ئەم توێژینەوە لە کاریگەری هزری و فەلسەفی ئاراستەکردنی ڕەوتی مێژوویی لە ئاست بیروباوەڕی مرۆڤ. ئەم کاریگەرییە وەک بیروباوەڕ لە ناخی مرۆڤدا وەک هەوێنی ئاراستەکردن و جیهانبینی خود لە ئاست پرسە مێژووییەکانی پەیوەست بە دۆخی مرۆڤ بۆ سەردهەڵدانی هەردوو شێوازی بیرکردنەوە، کە دەبنە بەرهەمهێنانی مرۆڤی زاڵ و مرۆڤی یاخی.

**گریمانەی توێژینەوە:** بەپێی خەسڵەتە باوەکانی مرۆڤ و ڕووداوە مێژووییەکان، توێژینەوە گریمانە دەکات کاریگەری ڕوانگەی فەلسەفی ئەلبێرت کامۆ و ساموێل هەنتنگتۆن لە

ئاراستەکردنی بیری مرۆڤ لە هەمبەر مرۆڤی زاڵ و مرۆڤی یاخیدا بوونی هەبێت، هەروەها ئاراستەکە کاریگەری لەسەر ڕەوتی مێژوویی دروست بکات.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی بزوێنەرە ناوەکی و فەلسەفییەکانی ڕێڕەوی مێژوو لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و بەراوردکردنی دوو ڕێبازی فەلسەفی-هزریی دژبەیەک. مرۆڤی زاڵ لە تیۆریی پێکدادانی شارستانییەتەکانی ساموێل هەنتنگتندا بۆ دروستبوونی ویستی زاڵبوون، هەروەها تێڕوانین بۆ ئالەنگاری لە دید و ئاراستە فەلسەفییەکەی ئەلبیرت کامۆدا.

**میتۆدی توێژینەوە:** میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی بەراوەردکارییە بۆ گونجانی لەگەڵ سروشتی توێژینەوە ئامانجی.

**پەیکەری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە جگە لە پوختە و پێشەکی، لە پێنج بەشی سەرەکی پێکهاتووە، لە کۆتابەشی (پێنجەم) ئەنجامەکان خراونەتەڕوو. هەروەها لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان لە کۆتاییدا.

**بەشی یەکەم: زەمینەسازی دروستبوونی ویستی زاڵبوون و ئالێنگاری**

مرۆڤەکان بە کۆمەڵێک فشار دەورەدراون، کە هەموو ئەو فشار و بارودۆخانەی کە دەیانەوێت شکۆ و ئیرادەی تێکبشکێنن (شارستێنیی، ٢٠١٧، ٨٢) تەنها یاسایەکیش حوکمڕانیانە هەموو فشارەکان ئەویش یاسای هێزە. جا ئەو فشارانە لەلایەن کەسانێکبن کە خۆیان سەرەڕۆ و گەورە بوون، ئەو یاسایەیان قبووڵ کردووە ئێستا گەر دژ بە خۆشیان بەکاربهێنرێتەوە ناتوانن ڕەتی بکەنەوە.

هەموو هێزێکیش دەخوازی تاک و تەنیا بێت، کەواتە دیسانەوە زەرورەتی کوشتن دێتەوە پێشێ. ئینجا نۆرەی بەهێزەکانە یەکتری لەناوبەرن؛ ساد ئەنجامی کارەکەی قبووڵە و ناکشێتە دواوە، هێزی جڵەونەکراوی ڕەتکردنەوە، لەوپەڕی تین و تاویدا، ڕادەستی قبووڵکردنێکی بێ قەید و مەرج دەبێت؛ کە خاڵی نییە لە جۆرێک خاندانی کۆیلەدار، خوێشی. قایل دەبێت ببێت بە کۆیلە و بگرە خۆزگەشی پێ دەخوازێت.

کەوایە فشارەکان و قبوڵکردنی نادادی مەرج نییە لای هەموان قبوڵ بێت، بۆیە ویستی یاخیبوون لە ئەنجامی هەستکردن بە نادادییەکی بێ کۆتایی دروست دەبێت، نەک تەنها وەک کاردانەوەیەکی کاتی (ئەلبێر کامۆ، ٢٠١٦، ٧٨). بۆیە هەموو جووڵەیەکی مێژوویی لە ئەنجامی ململانێی نێوان ویستێکی کۆنەخواز کە دەیەوێت باڵادەستی خۆی بپارێزێت، و ویستێکی نوێخواز کە ڕادەست نابێت و دەیەوێت بەربەستەکان بشکێنێت دروست دەبێت، ئەم دروستبوونەش بۆ خۆی زەمینەسازییە (ئی. ئێچ. کار، ٢٠٠٥، ١١٧، ١١٨، ١١٩).

زەمینەکە دەسازێنێ، لە ڕاستیدا ویستێکە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاڵۆزە و ناتوانرێت لە ناو قاڵبێکی دیاریکراودا قەتیس بکرێت، کە هەموو ئەو ویستانەشی یەکەمجار بەسەر سروشتدا سەپاندووە لە کێبڕکێیەکی بەردەوامدا بووە لەپێناو مانەوەیدا. ویست هێزێکی ڕەها و کوێرە کە لە هەموو بوونەوەرێکدا هەیە، ئەم ویستە هەمیشە تینووی زاڵبوون و مانەوەیە، هەر ئەمەشە مرۆڤ تووشی ململانێیەکی ئەبەدی دەکات لەگەڵ جیهاندا. هەموو ململانێیەکی مێژوویی لە ئەنجامی بەیەکدادانی ویستە جیاوازەکان دروست دەبێت، کە تێیدا هەریەکەیان دەیەوێت جیهان بکاتە وێنەیەک لە ئارەزووەکانی خۆی. مێژووی مرۆڤایەتی لە

بنەڕەتدا پرۆسەی ململانێی نێوان ئیرادە و بەرژەوەندییە دژبەیەکەکانە، کە تێیدا هەندێک هێز دەبنە باڵادەست و هەندێکی تریش دەبنە قوربانی، بەڵام هیچ کامیان ناتوانن لە دەرەوەی ئەم ململانێیە مێژوو دروست بکەن. ئەم قۆناغە لەسەر بنەمای ململانێیە، کە ململانێی مێژوویش هەمیشە لە نێوان دوو جەمسەردایە: ویستێک کە دەیەوێت فەرمانڕەوا بێت و هەموو شتێک بۆ خۆی کۆنترۆڵ بکات، و ویستێکی تر کە لەناو قووڵایی چەوسانەوەوە سەرهەڵدەدات و ئامادە نییە بۆ هەمیشە ڕادەستی واقیع بێت. مرۆڤیش وەک بکەرێکی چەقنەبەستوو (دینامیکی)، ئەو ویستەی هەیە کە بەرەنگاری دەسەڵاتە ڕەهاکان دەبێتەوە (ئی. ئێچ. کار، ٢٠٠٥، ٥٤؛ پێشڕەو محەمەد، ٢٠١٣، ٢٨؛ سەوەیلی، ٢٠٠٩، ٧٦، ٨٥؛ مریوان وریا قانع، ٢٠٠٤، ١٣٥؛ عەبدولعەزیز ئەلدوری و ئەوانی تر، ب. ت، ٦٤، ٦٥، ٦٦).

کەوایە لەو ڕۆژەی وشیاری پەیداکردووە و پەی بە شتەکان بردووە، هەمیشە هەوڵیداوە بارودۆخەکان لە بەرژەوەندی خۆی بگۆڕێت. هەوڵدانەکان بەسەر چۆنیەتی ویستەکاندا دابەشبوون، لەسەر ئەم بنەمایەش دابەشبوونی مرۆڤەکان لەناو ئەو زەمینەسازییەدا پۆلێنکراوە زۆرجار دەبینین کە یاخیبوون بە تەنها لای کەسی چەوساوە و ستەمدیدە سەرهەڵنادات، بەڵکو دەشێ لە ئەنجامی بینینی ستەمێکەوە سەرهەڵبدات کە بەرامبەر کەسێکی دی دەکرێت. کەواتە لێرەدا و لەم حاڵەتەدا جۆرە یەکبوونێک (خواستێکی هاوبەش) لە نێوان ئەو و کەسانی تردا ڕوودەدات. لێرەدا دەبێت ئەوەش ڕوون بکەینەوە کە مەسەلەکە یەکبوونێکی سایکۆلۆژیانەی ڕووت نییە کە مرۆڤ بە خەیاڵ هەست بکات ئەو سووکایەتیکردنە ئاراستەی ئەو دەکرێت؛ بەپێچەوانەوە، جاری وایە بەرگەی سووکایەتییەک ناگرین کە بەرامبەر کەسانی تر دەکرێت، لە کاتێکدا پێشتر خۆمان بەرگەی هەمان سووکایەتیمان گرتووە کە بەرامبەرمان کراوە، بەبێ ئەوەی یاخی بین. خۆکوشتنی شۆڕشگێڕە ڕووسەکان لە سیبیریا وەک نارەزایەتییەک بەرامبەر بە قامچیلێدانی هەڤاڵەکانیان باشترین نموونەی ئەم حاڵەتەیە هەروەها ئەم مەسەلەیە مەسەلەی بەرژەوەندی هاوبەشیش نییە؛ دەشێ ناهەقی بەرامبەر بە کەسانێک بکرێت کە ئێمە بە دوژمنی خۆمانیان بزانین، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ناهەقییە جێی نەفرەتی ئێمە بێت. پێش هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک، مرۆڤ خۆی لە کام گۆشەنیگاوە دەبینێت ئینجا دەیەوێت ڕووبەڕووی ئەو ویستانە ببێتەوە؛ هەنگاوی یەکەم هەنگاوێکی خودییە، چونکە گەورەترین سەرکەوتن ئەوەیە مرۆڤ ببێتە خاوەنی ویست و بڕیاری خۆی چونکە ململانێی نێوان دوو خود یان دوو ئیرادە، تەنها ململانێ نییە لەپێناو مانەوەی بایۆلۆژیدا، بەڵکو ململانێیەکی مێژوویە لەپێناو بەدەستهێنانی "ناسین (دانپێدانان)"؛ هەریەکەیان دەیەوێت ئیرادەی خۆی بەسەر ئەوی تردا بسەپێنێت بۆ ئەوەی وەک "خودێکی ئازاد" بناسرێت. ویستی ڕادەستنەبوون لەوێوە دەستپێدەکات کە تاک نایەوێت ببێتە پاشکۆی هیچ ئایدۆلۆژیایەکی داخراو، ئەو دەوێت وەک بکەرێکی سەربەخۆ لەناو مێژوودا ئامادەیی هەبێت (مریوان وریا قانع، ٢٠٠٤، ٥٨، ٥٩؛ محەمەد کەمال، ب. س، ٤٧، ٤٨، ٤٩؛ شارستێنی، ٢٠١٧، ٥٧، ٥٨؛ ئەلبێر کامۆ، ٢٠١٦، ٢٣).

لە سەردەمی نوێدا، هێزەکان بۆ ئەم زەمینەسازییە لەناو تۆمارەکانی مێژوودا، هەردوو بەرە هەرچی هۆکار هەیە بەکاریان هێناوە و لەناو وردترین بزوێنەرەکانی کەلتووردا گەڕاون بۆ مەیدانسازی هەر یەک لەو ویستانە، جا زاڵبوون بێت یان یاخیبوون و ئاڵێنگاری کلتوور هەم هێزێکی یەکخەرەوە و هەم هێزێکی دابەشکەرە؛ خەڵک بەپێی ناسنامە کلتوورییەکانیان دووبارە خۆیان ڕێکدەخەنەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوانی تر. تەنانەت ئایین نەک تەنها وەک باوەڕ، بەڵکو

وەک ئامرازێکی سیاسی بۆ سەپاندنی شوناس و زاڵبوون بەسەر کایە جیاوازەکاندا کەڵکی لێوەرگیراوە، ئەوە جگە لەوەی بەردەوام لەنێو ئەوانەی بەرەی یاخیبوونیشدا جێگایەکی گرنگی هەبووە (عەبدولعەزیز ئەلدوری و ئەوانی تر، ب. ت، ٣٢؛ شارستێنی، ٢٠١٧، ٢٤؛ هەنتینگتۆن، ب. س، ٨٢، ٨٣، ١٣٠، ١٣٢).

بەپێچەوانەی ئەم دوو ئاراستە دژبەیەکە (ئاراستەی هێزی ستەمکاری سەرەڕۆ لە لایەک، و ئاراستەی یاخیبوونی توندوتیژ و ڕەتکردنەوەی ڕەها لە لایەکی تر)، ئایینە ئاسمانییەکان و بەتایبەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، تێڕوانینێکی تەواو جیاواز پێشکەش دەکەن کە ئەم بازنە داخراوە لە ململانێ مادی و مێژووییەکان دەشکێنێت. ئیسلام هێز وەک ئامرازێکی کوێری سەپاندنی باڵادەستی نابینێت، بەڵکو بە توندی جەخت لەسەر بەستنەوەی هێز بە ئامانجێکی ئەخلاقی و پاراستنی شکۆیەکی باڵای مرۆیی دەکاتەوە لەم چوارچێوەیەدا، هێز لە سنوورە مەکیاڤیلییەکەی دێتە دەرێ و دەبێتە هۆکارێکی بەرپرسیار بۆ بەدەستهێنانی قازانج و مەنفەعەت بۆ مرۆڤایەتی، لادانی ستەم لەسەر چەوساوەکان و چەسپاندنی دادپەروەری ڕەها. هێز لێرەدا ئامانج نییە بۆ خۆی، بەڵکو خزمەتکاری حەقە؛ یاخیبوونیش لەم پێوەرە شەرعییەدا تەنها کاردانەوەیەکی تووڕە یان حەزێک نییە بۆ جێگرتنەوەی ستەمکار، بەڵکو ڕاپەڕینە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی "پاڵنانی ستەم" و بەرپاکردنی دادگەری، ئەمەش هاوسەنگییەک بە ڕەفتاری مرۆڤ دەبەخشێت کە ڕێگا لە بەهێز دەگرێت سەرکێشی. بکات و کەرامەتی بێهێزیش لەسەر لێواری سڕینەوە دەپارێزێت جوڵێنەری ڕاستەقینەی مێژوو ئەو دەستەبژێرانەن کە خاوەن ویستێکی ڕادەستنەبوونی وەها بەهێزن کە دەتوانن ڕێڕەوی ڕووداوەکان بگۆڕن و لە بەرامبەر قەدەری کۆمەڵایەتیدا بوەستنەوە؛ چونکە ئیرادە و ویست، ئەو مەکینە و بزوێنەرە ناوەکییەیە کە مرۆڤ بەرەو ئامانجەکانی دەبات، بێ ئیرادە مرۆڤ وەک پەڕەیەک وایە بەدەست باوە، هەرجارە و بۆ لایەک ڕای دەماڵێت کاتێک جەماوەر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی سەرکردەیەک، یان هێز و دەوڵەتێک، ویستی تاکەکان لەناودەچێت و دەبێتە پاشکۆی ویستی زاڵبوونی ئەو کەسە و دەوڵەت و هێزانەی کە ڕێبەریيان دەکەن. بۆیەش بەشێکی زۆری پێشەنگایەتی ڕۆژاوا لەڕێگەی سەلماندنی هێزێکەوە بووە، چونکە ڕۆژاوا لە ڕێگەی سەرکەوتنی بەهاکانی یان ئایینەکەیەوە جیهانی داگیر نەکرد، بەڵکو لە ڕێگەی سەرکەوتنی لە بەکارهێنانی توندوتیژیی ڕێکخراوەوە بوو. زەمینەی ئەو زاڵبوونەی ئەوان سەرچاوەکەی هێز بوو کە ئەوانی دی ملکەچی و پەیڕەویان لێدەکرد ئێستا، هێز و دەسەڵات لە جیهاندا لە ڕۆژاواوە بەرەو شارستانییەتە نافەرمییەکان و دەوڵەتە ناوەندییەکانی تر دەگوازرێتەوە، ئەمەش ململانێی زاڵبوون دروست دەکات (هەنتینگتۆن، ب. س، ٥١، ٥٢، ١٠٥، ١١٥، ١١٧؛ لۆبون، ٢٠٠٦، ١١٢).

بۆیە ویستی یاخیبوون ویستێکی مێژوویی نەزۆک نەبوو، بەڵکو لە هەمان منداڵدانی زەمینەسازی زاڵبوونەوە لەدایک دەبێت. یاخیبوون، بە ڕواڵەت نەرێنییە لەبەرئەوەی (لەسەر حسابی کۆنەکە) هیچ ناخوڵقێنێت، بەڵام هەر لەبەرئەوەش کە پەردە لە ڕووی ئەو بەشەی ئینسان هەڵدەماڵێت کە پێویستە بەردەوام بەرگریی لێ بکەین، لە ڕاستیدا زۆر پۆزەتیفە. مرۆڤی یاخی ئەو کەسەیە کە ئامادەیە بمرێت بۆ ئەوەی ئەو شتە بپارێزێت کە پێی وایە لە خۆی گەورەترە، ئەویش کەرامەتی مرۆییە (ئەلبێر کامۆ، ٢٠١٦، ٢٨، ٢٩).

## بەشی دووەم : مێژووی شارستانییەتەکان وەک مەیدانی مرۆڤی زاڵ لای هانتنگتن

مرۆڤ و هێز و گروپەکان دەیان و سەدان پاڵنەریان هەیا کە بیر لەوە بکەنەوە خۆیان بسەپێنن، چونکە مرۆڤ خۆی پاڵنەرێکی بنەڕەتی هەیە بۆ باڵادەستی و زاڵبوون، بەتایبەتی حەزی سەرکەوتن ئەمەش وای لێدەکات هەمیشە لە تێکۆشاندابێت بۆ ئەوەی لە بەرامبەر کەسانی تردا خۆی بسەلمێنێت کاتەک جیاوازیەکانیش هەن دەبێتە گرنگترین روخساری جیاوازی گروپ و رەگەز، ئایدیۆلۆژی و سیاسەت و ئابووری نەبوو، بەڵکو جیاوازییە کولتوورییەکان(١) بوو بۆ خۆ سەپاندن، نەتەوەکان هەوڵیان دەدا تا وەڵامی سەرەکیترین پرسیاری مرۆیی بدەنەوە ئێمە کێین ئەمرۆ، ئەم پرسیارە بەو جۆرەی کە بە شێوەی نەریتی هەبووە، وەڵام دەدەنەوە، واتە تێکرای ئەو شتانەی کە بە لایانەوە واتایهەیە، خەڵک لە باری محەلییەوە (باو با پیران)، ئایین، زمان، مێژوو، بەهاکان، نەریتەکان و دام و دەزگا کۆمەڵایەتییەکانەوە خۆیان دەناسینن و لەگەڵ گروپە کولتوورییەکاندا خۆیان دەگونجێنن. ئەم گونجاندن جارک لە پێناو هەبوونە جارکیش لە پێناو زاڵبوون و خۆسەپاندن لەکاتی پێکدادانی شارستانیەکان، گەورەترین مەترسیی بۆ سەر ئاشتی جیهانی، (هەنتینگتۆن، ب. س، ١٩؛ قەرەچەتانی، ٢٠١٥، ٢١٢، ٢١٣).

لە درێژەی مێژوودا، شارستانییەکان بۆ مرۆڤ ناسنامەی بەرینیان دەستەبەر کردووە مێژوونووسان، کۆمەڵناسان و مرۆڤناسان گەلێک بەڵگەیان بۆ بەراوردکاریی و لێکدانەوەی شارستانییەکان ئامادەکردووە هاوڕایی زۆر لە ئارادایە سەبارەت بە سروشت، ناسنامە و بزوێزی شارستانییەکان لە جیهانی ئەمرۆدا مێژووی مرۆڤایەتی مێژووی شارستانیەکانە، کە مەحاڵە بە شێوەیەکی تر بیر لە گەشەسەندنی مرۆڤایەتی بکرێتەوە جگە لە سپاندنی هێزەکان بەڵام هەموو ئەوانەش لە نێو لێکدانەوەکانیان بەو ئەنجامە گەیشتوون جیهانی مرۆڤەکان جیهانی سەپاندن و زاڵبوونە (هەنتینگتۆن، ب. س، ٣٥).

زاڵبوون و هەستی خۆ سەپاندن پێکدادانی کولتوورییەکان مسۆگەر یان، پتر لەپێشان زیاد دەکات و لە هەموو کاتێکی مێژوو ترسناکتر بەرووپێشیان دەبات پێکدادانەکانی ئایندەش ترسناکن بە هۆی فاکتۆری چونکە کولتوورییەوە هەڵدەگیرسێن، نەک بەهۆی ئابووری و ئایدیۆلۆژیاوە. لێرە زاڵبوون و خۆ سەپاندن لەسەر بنەمایەکی کەلتووری دەبێت، کە کولتوورەکان هەم هێزی لێکجیاکەرەوە بوون و هەم هێزی یەکخەر ئەو تاکانەی بەهۆی ئایدیۆلۆژیاوە لێکجودابوونەوە، بەهۆی کولتوورەکانەوە پێکەوە پەیوەست دەبن، ئەو کۆمەڵگەیانەی کە بەهۆی ئایدیۆلۆژیا یان هەلومەرجی مێژووییەوە یەکیان گرتووە، سەرەنجام بەهۆی شارستانییەکانەوە دادبڕێن یان لێکجیا دەبنەوە، چونکە ئیدی سەپاند و زاڵبوونەکان ناتوانن بەرگە بگرن بەرامبەر ناسنامەی کولتووری، ناسنامەی کەلتوریش ئەو شتەیە کە لای زۆربەی خەڵك مانای هەیە، خەڵك خۆیان پێناسە دەکەن بەوەی کە کێن، نەک بەوەی کە چییان هەیە، کەوایە سەپاندەکان گەر لەقولی مێژووە سەیری بکرێن لەسەر بنەمای هێزێک پایان گرتووە (هەنتینگتۆن، ب. س، ٢١; غانم، ٢٠٠٧، ٢٥٠؛ خضير&محمد، ٢٠٢٤، ١١؛ أحمد، ٢٠١١، ٥٠؛-Roche, 1999, 123 125; Samouts, 1998, 320).

ئەو هێزەیش کە ئیمپراتۆریەتە گەورەکانی دروست کردووە، ویستی زاڵبوونی نەتەوەکان بووە بەسەر یەکتردا، نەک تەنها لۆژیک و عەقڵ ( لۆبون، ٢٠٠٦، ٦٤، ١٤٤، ١٤٨). ئەم تێگەیشتنانەی ساموئێل بۆ جیهانی ململانێ تێگەیشتنانەی کامۆش پەلکێش دەکات بۆ نێو دونیای ململانێ بێ کۆتای ویستەکانی مرۆڤ دواجار کامۆش ئەو ڕاستیە لەبارەی سروشتی مرۆڤە حەز خوازەکان کە سەرچاوەی یاخبوونن، بۆیەش کە مرۆڤی یاخی ناتوانێت ببێت بە خودا، تەنها ئەوکاتە نەبێت کە دەسبەرداری هەموو یاخیبوونێک بیت؛ تەنانەت ئەو

یاخیبوونەش کە بە مەبەستی چاککردنەوەی مرۆڤایەتی یاخیبوون لە مێژوودا هەمیشە وەک بەرەنگاربوونەوەی ئەو هێزە زاڵە دەرکەوتووە کە ویستوویەتی مرۆڤ بکاتە ئامراز و کەرامەتی لێ بسەنێتەوە، هەر کاتێک دەربارەی یاخیبوون تێدەفکرین، دەبێ ئەم خاڵەمان لە یاد بێت یاخیبوون داندنی خۆی و ئەهلی گوێڕایەڵبوون و ملکەچبوونی خۆیشی- هەیە (ئەلبێر کامۆ، ٢٠١٦، ٢٢، ٢٣، ٢٥، ٢٧، ٢٨، ١٣٠، ١٥٦).

ئەوانەی ئەو هێزە سەپاندانەیان هەیە هۆکارەکی زۆر گرنگن لۆ ئەو یاخی بوونەی کە کامۆ لەسەرە وە ئاماژەی بۆ کرد چونکە واقیع بینی گەلێک شێوەی بیرکردنەوەی وڵاتان ڕووندەکاتەوە وڵاتان ئەوان سەپاند و زاڵبوون وەک چەک و ناسنامەی ناوەندیەتی خۆیان پیشانی هێزەکانی تردەدەن و بەسەر ژێر دەسەتەکانیان دەسەپێنن ئەم بارە مێژوویە لەناو هەموو قۆناغەکانی مێژوو لە شێوەی نێو و جیاواز جێگای خۆی کردۆتەوە، بەتایبەتی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بوونی باڵادەست و دەسەپێنن سوپایان هەیە سیاسەتەکان بەڕێوەدەبەن لەسەر پەیمانەکان سازش دەکەن شەڕ دەکەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەهێننە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و بە شێوەیەکی بەرچاو بازرگانی و بەرهەمە جیهانییەکانیان لە دستدایە لە جیهانی نوێدا ململانێی هەرە مەترسیدار لەسەر هێڵە سنوورییەکانی نێوان شارستانیەکان ڕوودەدەن (هەنتینگتۆن، ب. س، ٢٧).

هەنتینگوتن قولترلەوەش شیکردنەوەی سەپاندن دەکات و پێی وایە سەرکەوتنی ڕۆژئاواش بریتیبوو لە ڕێکخراوی پێشکەوتوو، سیستم دیسپلین پەروەردەکردنی سەربازان چەکی پێشکەوتوو، گەیاندن و گواستنەوە پێویستییە لۆجیستییەکان و خزمەتگوزاری پزیشکی پاش شۆڕشی پیشەسازی ڕۆژئاوا، بەسەر جیهاندا سەرکەوت بەڵام بەهۆی باڵادەستبوونی بڕواو بەها یاخود ئایینەوە نەبوو بەڵکو بەهۆی باڵادەستبوونی لە سەپاندنی توندوتیژی ڕێکخراوەوە بوو، (هەنتینگتۆن، ب. س، ٤٥؛ فهمي، ٢٠٠٩، ١٢٣-١٢٧؛ خلف، ١٩٥-١٩٦؛ الحلبي، ٢٠٢٠، ٦٣-٦٤).

دەسەڵات بە تەنیا هێزێکی سەرکوتگەر نییە، بەڵکو هێزێکە کار لەسەر دروستکردنی شوناس و جیهانبینیی مرۆڤەکان دەکات، تا ئەو ئاستەی وایان لێبکات گەمەی زاڵبوون وەک شتێکی سروشتی ببینن لەنێوان هەموو هێز و گروپەکان چونکە غەریزەیەکی مرۆییە دەگوازرێتەوە کۆمەل و ڕایکخراو و هێز و دەوڵەتی ناو شارستانیەتاکان لەسەر یەک دەگرن ئەو کەسە و گروپ و هێز و دەوڵەتانەی کە لە مێژوودا وەک بکەری سەرەکی دەردەکەون، خاوەن ویستێکی بەهێزی زاڵبوونن بەسەر دەوروبەردا، نەک تەنها بۆ بەرژەوەندی کەسی، بەڵکو بۆ سەپاندنی دیدگایەکی نوێ بەسەر کۆمەڵگەدا، مرۆڤەکان خاوەن ئارەزوویەکی بێ کۆتایین بۆ دەسەڵات و زاڵبوون، ئەمەش وایان لێدەکات هەمیشە لە ململانێدا بن مەگەر ئەوەی هێزێکی گەورەتر ڕایان بگرێت (قانع، ٢٠١٦، ٢٣، ٢٤، ٢٧، ٣٣؛ تۆماس سپراگینز ، ١٣٧٧هش، ٨٩، ٩٣؛ ئی. ئێچ. کار، ٢٠٠٥، ٨٣، ٩٢، ٩٨).

ئایین گرنگترین ڕەگەزی دیاریکردنی ناسنامەی شارستانیەتەکانە وڵاتانی ناوەندی و هاوناوەندی شارستانییە سەرەکییەکان، دەبنە هۆی وەرگرتن یان ڕەتکردنەوەی وڵاتانیتر، گروپەنییەی شارستانی دەردەکەون و ئەو وڵاتانە دەگرنەوە کە هاوبەشییەکی کولتووریان هەیە. هەنتینگتون پێی وایە ئیسلام خەریکە زانیارییە هاوبەش و باوەڕەکانی بەهێزدەکات، تەنها بنیاتی گشتی و سیاسی سەرەتایی خۆی گەشەپێداوە. وڵاتان لەگەڵ وڵاتە هاوکولتوورییەکانی خۆیاندا یەکگرن تا لەبەرامبەر ئەو وڵاتانەی کولتووری جیاوازیان هەیە، هاوسەنگی دروستبکەن. ئەمە بەتایبەتی بۆ

وڵاتە ناوەندییەکان ڕاستە. هێزی ئەو حکومەتانە، وڵاتە هاوبەشە کولتوورییەکان رادەکێشێت و وڵاتە جیاوازەکانیش ڕەتدەکاتەوە. وڵاتانی ناوەندی ڕەنگە لەبەر هۆیە ئەمنییەکان هەوڵبدەن تا خەڵکی شارستانییە کانیتر تێکەڵ بە خۆیان بکەن یاخود بەسەریاندا باڵادەستبن، ئەو وڵاتانەش خۆڕاگری دەکەن یاخود خۆیان لەم کۆنترۆڵە دەبوێرن ئاینیش دەبێتە تاکە ناوەندی ئەو کەلتوورە کە هێزەکان هەولی خۆ سەپاندن بدەن (هەنتینگتۆن، ب. س، ١٣١; محمد &علي، ٢٠٢٣، ٧١٦-٧١٨؛ الجمعة، ٢٠١١، ٢٤٥-٢٥٠؛ Macleod& Omera, 2010, 467).

پەیوەندی مێژوویی هاوسێیەتیبوونی هێزیش لەبەرامبەر کاریگەری وڵاتانی ناوەندیدا هەندێک وڵات خۆڕاگر دەکات لەدرێژەی زەمەنەدا، هاوبەشییەتی کولتووری و خودئاگایی شارستانی دەتوانیت ئەم وڵاتانە لێکنزیک بکاتەوە، ئەو جیهانەی کە وڵاتە ناوەندییەکان ڕۆڵی باڵادەست و ڕێبەری تێدادەگێڕن، زەمینەیەکی دابڕاوی هەیە لەو کاریگەرییە جیهانییەی کە بەهۆی هاوبەشییە کولتوورییەکانەوە هاوتەراز کراوە. هاوبەشییە کولتوورییەکان، ڕەوایی دەبەخشن بەڕۆڵی ڕێبەرییەتی وڵاتە ناوەندییەکان و ئەندامانیان (هەنتینگتۆن، ب. س، ١٣٢؛ لوبيسك، مورفان ، ١٩٨٥ ، ٣٤، ٤١).

گۆڕانی چەمکی ململانێ لە مێژووی هاوچەرخدا ساموێل هانتنگتن پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە مێژووی مرۆڤایەتی چووەتە قۆناغێکی نوێوە، کە تێیدا ناسنامە کلتووری و ئایینییەکان دەبنە بزوێنەری سەرەکیی ململانێکان چیتر ئایدۆلۆژیا سیاسییەکان یان بەرژەوەندییە ئابوورییەکان بە تەنیا هۆکاری ململانێ و جەنگ نینە لەم چوارچێوەیەدا، مرۆڤی زاڵ لای هانتنگتن ئەو بکەرەیە کە ناسنامەکەی لە ڕێگەی نیشتمانپەروەرییەوە پێناسە ناکات بەڵکو لە ڕێگەی سەر بەخۆبوون بۆ بۆتەیەکی کلتووریی فراوانتر کە ئەمەش وادەکات مێژوو وەک گۆڕەپانی بەرەوڕووبوونەوەی بەها دژبەیەکەکانی نێوان ئەم شارستانییەتانە دەربکەوێت جەخت کردنەوەی ئەم بیرمەندە لە ڕێڕەی مێژوو لەژێر هەژموونی مرۆڤی زاڵ ڕێڕەوی مێژووە لەژێر هەیمەنەی مرۆڤی خاوەن کەلتووری بەهێز ئەم کەلتوورانە دەچنە کێبڕکێ لە پێناو زاڵیەتی هەرچی کامۆیە یاخی بوون ئالێنگاری لەیەکەی زیندووە و ویژدانی سەرچاوەدەگرن دەبن بەسەرچاوەی ئافراندنی ئالێنگاری و ڕەتکردنەوە. ڕوانگەی ئیسلامی و ڕەخنە لە مۆدێلی باڵادەستی لەلایەکی ترەوە و لە بەرەی بەرامبەر بەم تێگەیشتنە مادییە، ڕوانگەیەکی ئیسلامی حاسیم و یەکلاکەرەوە سەرهەڵدەدات کە لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی ڕەهای ئاڕاستەی "زاڵبوونی ئارەزوومەندانە" و مادی بە شێوازە مۆدێرنەکەی ئێستای وەستاوە؛ چونکە ئەم شێوازە بە تەواوی دژایەتی بەها مرۆییە سروشتییەکان (فێترییەکان) دەکات، و لەبەر ئەوەی ئیسلام لە بنەڕەتدا شەڕی هەموو جۆرەکانی باڵادەستی و گۆشەگیری (ئیتساییکردن) و ڕەگەزپەرستی دەکات، و لە جیاتی ئەوە بانگەوازێکی جیهانی پێشکەش دەکات کە بنەماکانی بۆ "حیواری شارستانییەتەکان" دادەڕێژێت.

ئەم ڕەتکردنەوە عەقیدی و تەشریعییەی بۆ پرسی خۆسەپاندن و زاڵبوون لە دەقەکانی وەحیدا بە ڕوونی ڕەنگدەداتەوە؛ کاتێک قورئانی پیرۆز سنوورێکی فاصڵ لە نێوان هێز وەک ئامرازێکی سەرکوتکاری و هێز وەک خزمەتکارێکی حەق و دادپەروەری دەکێشێت. لەم چوارچێوەیەدا، خوای گەورە وەک ئاگادارکردنەوەیەک لەو غەریزە مرۆییە کوێرەی کە حەزی بە خاوەنداریتی و کۆنترۆڵکردنی گۆشەگیرانە هەیە، دەفەرموێت: ﴿تِلْكَ الدَّارُ الْآخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِي الْأَرْضِ وَلَا فَسَادًا ۚ وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ﴾ [القصص: ٨٣ ] ئەو سەرای کۆتایی و بەهەشتە، تەنها بۆ ئەو کەسانەی بەدی دەهێنین کە نایانەوێت لە زەویدا خۆ بە گەورە بزانن و سەرکێشی بکەن و فەساد بنێنەوە، سەرەنجامی باشیش تەنها بۆ پارێزکارانە. ئەم ئایەتە پیرۆزە شەرعییەت لە هەر

پرۆژەیەکی شارستانی دەسەنێتەوە کە لەسەر بنەمای "العلو" (کە هاوواتای قورئانییە بۆ چەمکی باڵادەستی و هێزی زاڵ) دامەزرابێت؛ چونکە خۆبەگەورەزانین لە زەویدا سەرەنجامەکەی تەنها فەساد و تێکشکاندنی کەرامەتی ئەوانی ترە. لە جیاتی ئەو پێکدادانە حەتمییەی کە هانتنگتن پێشبینی دەکات، قورئانی پیرۆز یاسایەکی زێڕین بۆ یەکترییینی مرۆیی و گفتوگۆ لەسەر بنەمای هاوبەشییەکان و ئینساف دادەنێت، وەک لەم ئایەتەدا هاتووە: ﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ﴾ [آل عمران: ٦٤] بڵێ: ئەی خاوەن کتێبەکان! وەرن بەرەو وتەیەکی یەکسان و ڕاست لە نێوان ئێمە و ئێوەدا؛ کە تەنها خوا بپەرستین و هیچ شتێکی نەکەین بە شەریک، و هیچ کام لە ئێمە ئەوی تر نەکات بە خوای خۆی لە جیاتی خوای تاقانە. تێکشکاندنی چەمکی "پەرستراو و ارباب" لێرەدا، بە تەواوی هاوتایە لەگەڵ تێکشکاندنی سیستمی ئیمپراتۆری گۆشەگیر، کە مرۆڤی بەهێز دەکاتە "سەید و باڵادەست" و مرۆڤی بێهێزیش دەکاتە "پاشکۆ و قوربانی" لە چوارچێوەی تەفسیر و شیکردنەوەی فەلسەفی ئەم دیدگایەدا، زانا و موفەسیری گەورەی مسوڵمان ئیمامی فەخرەدینی ڕازی پشکنین بۆ غەریزەی زاڵبوونی ئارەزوومەندانە دەکات و جەخت دەکاتەوە کە: حەزی باڵادەستی و خۆسەپاندن لە زەویدا سەرچاوەی هەموو ستەمکارییەکانە؛ چونکە هێز ئەگەر لەژێر چاودێری کۆت و پێوەندە ئەخلاقی و خوداییەکان دەرچوو، دەگۆڕێت بۆ غەریزەیەکی دڕندانەی گۆشەگیر کە تێر نابێت، هەمیشە جێگرەوەی شەرعی بۆ ئەم دۆخەش بریتییە لە تەوازموع بۆ حەق و قبوڵکردنی شەراکەتی مرۆیی لەژێر سێبەری دادپەروەریدا (الرازي، ب. س، ج ٢٥، ٩٢).

یەکێک لە بیرمەندە مسوڵمانە دیارەکانی سەردەمی هاوچەرخ کە لەم بارەیەوە بە قووڵی نووسیویەتی و دیبەتی کردووە، فەیلەسوفی مسوڵمان ڕۆژێ گارۆدی (ڕەجا گارۆدی) یە. ناوبراو پێش هانتنگتن و لە سەردەمی خۆشیدا ڕووبەڕووی تیۆرییەکانی ناوەندگەرێتی ڕۆژاوایی و مۆدێلە پێکدادەرەکان بووەوە، و لە کورتکراوەی تێڕوانینەکانیدا ڕەخنە لە ئاراستەی گۆشەگیری ڕۆژاوا دەگرێت و مژدەی جێگرەوەیەکی مرۆیی دەدات و دەڵێت:"گفتوگۆی شارستانییەتەکان وەک کێشەیەکی جیهانی و مرۆیی، داواکارییەکی بنەڕەتییە لە سەردەمی ئێستاماندا، بەڵکو پێویستییەکی حەتمی و گرنگە. ئەمە تاقە ڕێگایەکە کە دەکرێت لە ڕێگەیەوە پرۆژەیەکی گەردوونی لەدایکبێت کە لەگەڵ داهێنان و دروستکردنی داهاتوودا بگونجێت، بەو هیوایەی کە هەمووان پێکەوە داهاتووی هەمووان دابهێنن بەبێ دوورخستنەوە یان پەراوێزخستنی هیچ لایەک" (جارودي، ١٩٩٩، ٤٥-٤٧)

گارۆدی پێی وایە مۆدێلی ئێستای ڕۆژاوا ناتوانێت وەڵامی ئامانجە گەورەکانی مرۆڤایەتی بداتەوە، و ئیسلام خاوەنی شیاوی فیکری و ئەخلاقییە بۆ ڕێبەریکردنی گفتوگۆیەکی ڕاستەقینە کە ڕێگا لە وێرانبوونی جیهان بگرێت. ئەو ڕوونی دەکاتەوە کە سەرکەوتنی ڕۆژاوا بەهۆی بەهای کلتوورییەوە نەبووە، بەڵکو بەهۆی ئامرازەکانی توندوتیژی ڕێکخراوەوە بووە کە بەسەر جیهاندا سەپاندوویەتی. ئەم تێڕوانینەش لەگەڵ شیکردنەوەکەی هانتنگتندا بۆ بنەمای هێزی ڕۆژاوا یەکدەگرێتەوە، بەڵام جیاوازییەکەی لەوەدایە کە گارۆدی پێکدادان وەک قەدەرێکی حەتمی نابینێت، بەڵکو "وتەی یەکسان و ڕاست" (الكلمة السواء) و حیواری ئیسلامی وەک تاکە دەربازبوون بۆ پاراستنی کەرامەتی مرۆیی بەدی دەکات (جارودي، ١٩٩٩، ٥٠).

## بەشی سێیەم: مرۆڤی یاخی لە ڕوانگەی ئەلبێرت کامۆوە

مێژوو و شۆڕشەکان نیشانمان دەدەن کە چۆن ئیرادەیەک بۆ دادپەروەری لەدایک دەبێت و دواتر لە ڕێڕەوی خۆی لادەدرێت کاتێک یاخیبوونێک دەیەوێت جیهان بە تەواوی بگۆڕێت(٢)، دەکەوێتە ناو تەڵەی ویستی زاڵبوونەوە چونکە گۆڕینی ڕەهای مرۆڤ پێویستی بە هێزێکی ڕەها هەیە، (کامۆ، ٢٠١٦، ١٦-٢٨)لێرەوەیە هەموو شۆڕەش و شۆڕەشگێران و لەخالێک بەم تاقیکردنەوەیە گەیشتوون تێدا توشی شکست بوون چونکە ڕێڕوەی مێژوو مرۆڤێکی یاخیی و هەوڵدەر بوو داگەرِێ دەبێتە شۆڕەش گێڕ بەڵام کە شۆڕشگێڕ دەبێتە دەسەڵاتدار توشی دۆخێک دەبێت و هەموو ئەو بنەما ئایۆدلۆژیانەی کە لە پێناوی ئامادەبوو بمرێ دەبن بەدروشم زۆر بەی جار دژیان دەوسێت زۆرێک حاکمێکی توندوتیژ ئەو چیتر گوێ لە مرۆڤە ناگرێت کە ڕۆژگارێک لەپاڵی جەنگاون بۆ دادپەروەری بەڵکو بەشێکیشیان لەنێو دەبات ئیدی یاخی بوونی دەسەلاتدار لەپێناو مانەوە و پاراستن لەکورسیەکەی سەرهەڵدادات لەناخی بۆخۆی دەبێتە مرۆڤێکی یاخی لەوانەی داوای داگەری دەکەن هەموو هەوڵێکی خۆ سەپاندن دەدات تەنیا گوێ لەو بیرۆکە چەقبەستووانە دەگرێت کە لە مێشکیدا دروستی کردوون ڕێڕوەی مێژوو تۆمارەکانی زۆرترین ئەم بابەتانەی لەخۆ گرتووە ڕێڕەی مێژوو دەبێتە مەیدانی قوربانیدان بە مرۆڤ لە پێناو دادگەری و سەردەمی خۆشبەختی بۆ بێ مافەکان، ئەگەر ئەوەش هەستی پێنەکرا و خەلک ڕاسدەست بوون ئەمەش گەورەترین شکستی ئیرادەی ئالێنگارە کە خۆی ڕادەستی ویستی زاڵبوون دەکات( کامۆ، ٢٠١٦، ١٦، ١٧، ١٧٩، ١٨٥، ٢٧١؛ مقلد، ١٩٨٠، ٦٧-٧٤؛ خلف، ١٩٥-١٩٦؛ الحلبي، ٢٠٢٠، ٦٣-٦٤؛ تۆفیق، ٢٠١٠، ٢١٤-٢١٥) ئەو ئیرادە تێکچووەیە کە دەیەوێت لە ڕێگەی ئازادیی ڕەهاوە ببێتە زاڵێکی ڕەها ئەو پێیوایە ئەگەر خودا نەبێت، کەواتە مرۆڤ بۆی هەیە هەموو شتێک بکات، تەنانەت تێکشکاندنی ئەوانی تریش ئەمە ئەو خاڵەیە کە تێیدا یاخیبوون دەگۆڕێت بۆ تاوان ساد مێژوویەکی نوێی بۆ ویستی زاڵبوون نووسیەوە کە تێیدا چێژ لە ئازاردانی ئەوانی تردا دەبینرێت لێرەدا ئیرادەی ئالێنگار دەبێتە ئیرادەیەکی وێرانکەر، چونکە هیچ سنوورێکی ئەخلاقی بۆ خۆی ناناسێت و دەیەوێت لەسەر تەرمی ئەوانی تر شکۆی ساختەی خۆی بنیاد بنێت مێژووی کردە خوداوەندێکی نوێ و ویستی زاڵبوونی پاساو دا کاتێک دەگوترێت هەموو ئەوەی عەقڵانییە واقیعییە ئەوا ڕەوایی دەدرێتە هەر هێزێک کە لە مێژوودا سەرکەوتوو بێت ئیرادەی مرۆڤی یاخی لێرەدا دەخنکێنرێت، چونکە ئەگەر مێژوو هەمیشە لەسەر هەق بێت، ئەوا قوربانییەکان هەمیشە ناحەقن ئەم دیدگایە ڕێگەی بۆ ویستی زاڵبوون خۆش کرد کە بە ناوی زەروورەتی مێژوویی یەوە هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەک بکاتە کارێکی ڕەوا. ململانێی نێوان گەورە و کۆیلە، تەنیا لە ڕێگەی سەرکەوتنی یەکێکیان بەسەر ئەویتردا کۆتایی دێت کامۆ، ٢٠١٦، ١٨-٢٥- ٣٢، ٤١، ٦١-٦٣، ١٠٩-١١٨؛ الاشعل، ١٩٩٦، ٦٣-٦٦؛ الناصر، ٢٠١٠، ٣٦-٣٩؛ Wathins& Rosegrat, 2001: 44-48) کاتێک مرۆڤ دەبێتە تەنیا ئامرازێک بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی بێ چین و توێژ ویستی زاڵبوونی نوێ سەرهەڵدەدات کە ناوی پێشڕەوی شۆڕشە ئەم پێشڕەوانە بە ناوی ئیرادەی گەلەوە، هەموو ئیرادە جیاوازەکان سەرکوت دەکەن مێژووی سەدەی بیستەم نیشانی داین کە چۆن ئەم ئیرادە ئالێنگارە سەرەتاییە گۆڕا بۆ سیستەمێکی ئەوەندە زاڵ کە تەنانەت ڕێگەی بە گومانکردنیش نەدەدا لە ناو جەرگەی دەسەڵاتەکەیدا ئیرادەیەکی ئالێنگار بوون کە لە ناخەوە دەیناڵاند ئەوان دەبوو بکوژن بۆ ئەوەی کۆتایی بە زاڵبوون بهێنن، بەڵام بۆ سزادانی خۆیان، ئامادە بوون گیانی خۆشیان فیدا بکەن ئەمە ململانێیەکی تراژیدییە ویستی زاڵبوون لێرەدا لە دژی خۆی دەوەستێتەوە بە پێچەوانەی زاڵە مۆدێرنەکان کە دەکوژن و دەژین ئەمان دەیانویست بە

مردنی خۆیان بسەلمێنن کە کوشتن کارێکی نادروستە، تەنانەت ئەگەر لە پێناو ئازادیشدا بێت ویستی زاڵبوون دەبێتە ئایینێکی عەلمانی هیچ شوێنێک بۆ ئیرادەی ئاڵێنگار نامێنێتەوە مەگەر لە ناو زیندان یان لە ناو نهێنیدا نەبێت. مێژوو لێرەدا دەوەستێت چونکە گۆڕانکاری تەنیا لە لوتکەی دەسەڵاتەوە ڕێگەپێدراوە کامۆ جەخت دەکاتەوە کە ئەم جۆرە زاڵبوونە دەیەوێت سروشتی مرۆڤ بگۆڕێت و بێدەنگی بەسەردا بسەپێنێت بەڵام ئیرادەی یاخیبوون وەک پشکۆیەکی ژێر خۆڵەمێش دەمێنێتەوە چونکە نادادی هەمیشە هۆکارێکە بۆ ئەوەی مرۆڤێک لە شوێنێکدا هەستێت و بڵێت ئەمە قبوڵکراو نییە( کامۆ، ٢٠١٦، ١٨، ٢٥، ٣٢، ٤١، ٦٢، ١١٠، ١١٦ ؛ حسونة الصباحي، ٢٠٠٤، ١٦؛ کروکشانك جون، ١٩٨٦، ٢٩؛ لوبيسك، مورفان ، ١٩٨٥ ، ٣٤، ٤١).

ئەو مرۆڤەی خاوەن ویستی ڕادەستنەبوونە، هیچ کاتێک بە واقیعێکی سەپێندراو ڕازی نابێت، ئەو هەمیشە بەدوای دۆزینەوەی ڕێگەیەکدایە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە ئیرادەی مرۆڤ بەهێزترە لە کۆت و بەندە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان(کاکەمەند، ٢٠١٨، ١، ١٦٦، ١٩١)هەر ئەوەش تۆمارێی مێژووی کردۆتە دەروازەیەک بۆ ئەوەی کامۆ هزری یاخی خۆی تێدا دابڕێژێت گەرچی مێژوو ملکەچی هەندێک یاسای گشتییە، بەڵام ئیرادەی مرۆڤ و ویستی ئەو بۆ تێکۆشان و ڕادەستنەبوون، هەمیشە وەک هۆکارێکی سەربەخۆ دەمێنێتەوە کە دەتوانێت ئەنجامەکان پێچەوانە بکاتەوە مێژووش بەگوێرەی ئەو ئیرادەیە ڕێ بکات ( کامۆ، ٢٠١٦، ٨٥، ١١٠، ١٦٥؛ ئی. ئێچ. کار، ٢٠٠٥، ١٤٢) چونکە ئیرادە شتێکی پێوانە نەکراوە زۆربەی جاریش هەلسەنگاند لەبارەی ئیرادە ڕاستی نەپێکاوە، ئیرادەی مرۆڤە باڵاکان و ویستی ئەوان بۆ زاڵبوون بەسەر بارودۆخەکاندا، زۆرتر لە هۆکارە ئابووری و جوگرافییەکان مێژووی مرۆڤایەتییان دروست کردووە ئیرادەی مرۆڤ کاتێک دەگاتە لوتکەی شکۆ، کە ڕەتی دەکاتەوە ڕادەستی ئەو هێزە بێت کە دەیەوێت بەبێ ڕەزامەندیی خۆی شوناس و چارەنووسی دیاری بکات (تۆماس سپراگینز ، ١٣٧٧ هش ،١٠٨؛ لوبون، ١٩٥٤، ١٠٥). ئەو هێزەی مێژوویش دەگۆڕێت، تەنها ئایدۆلۆژیا نییە، بەڵکو ئەو ئیرادە پۆڵایینەیە کە ڕەتی دەکاتەوە ملکەچی قەدەری سیاسی بێت و هەوڵ دەدات مێژوویەکی نوێ بە ویستی خۆی بنووسێتەوە مرۆڤە سەرکەوتووەکان هەرگیز ڕادەستی نابنەو مرۆڤەی کە خاوەنی ویستی ڕادەستنەبوونە، تەنیا بەرگری لە ژیانی خۆیان ناکەن، بەڵکو بەرگری لەو بەها ئەخلاقییانە دەکەن کە مرۆڤ بوونی پێوە بەستراوەتەوە لە کاتی شکستی کاتیدا، ویستی ڕادەستنەبوون تەنیا جیاکەرەوەی نێوان سەرکەوتوو و شکستخواردووەکانە. ئەوانەی سەر دەکەون، ئەو کەسانەن کە بڕیاریان داوە تەنیا بەسەر ئاستەنگەکاندا زاڵ بن، بۆیە کامۆ هەموو بژاردەکانی خۆی سەختاتە پاڵ بژاردەیەک کە یاخی بوونە ( کامۆ، ٢٠١٦، ١٦، ١٧، ١٨؛ ئۆلیڤەر ڕاو، ٢٠٠٩، ٥٣؛ مەریوان وریا قانع، ٢٠١٦، ١٤٥؛ جاك كانفيلد، ٢٠١٢، ١٨، ٨٣، ٨٤).

سیاسەت لە جەوهەری خۆیدا ململانێی هێزەکانە، ململانێی نێوان ئیرادەیەک کە دەیەوێت زاڵ بێت و هەیمەنەی خۆی بسەپێنێت، و ئیرادەیەکی تر کە بەرگری دەکات و نایەوێت ڕادەستی ئەو باڵادەستییە بێت مرۆڤی ئاڵێنگار لای کامۆ، جەنگاوەرێکی ئەخلاقییە نەک بکوژێکی ئایدۆلۆژی. ویستی ڕادەستنەبوون یان ئیرادەی بەرەنگاری، ئەو هێزە ناوەکییەیە کە وا لە تاک دەکات لە بەرامبەر ستەم و چەوسانەوەدا بوەستێتەوە و ئامادە نەبێت شکۆمەندی خۆی بکاتە قوربانی بەرژەوەندییە کاتییەکان(کامۆ، ٢٠١٦، ٢٢٤، ٢٢٥، ٣١٩؛ ئیمام، ٢٠١٢، ٤٢، ٤٣، ٤٤؛ کاکەمەند، ٢٠١٨، ١، ١٨٢) شوناس وەک کەرەستەیەک بۆ سەلماندنی خود لەناو دنیایەکدا

که جیهانگیری هەوڵی یەکپۆشکردنی هەموان دەدات، پاراستنی تایبەتمەندییەکان دەبێتە جۆرێک لە ویستی زاڵبوون بەسەر فەوزای دەرەکیدا( مەیروان وریا قانع، ٢٠٠٤، ١١٢، ١١٣، ١١٤). یاخی بوون ئیرادەی مرۆڤ لە ژێر باری بەها کۆنەکان ڕزگار بەدرێژای مێژوو لە هەولی ڕزگارکردنی بوونی خۆیدایە، بەڵام ویستی دەسەڵات و هێزی خۆسوپێنەر کە بەدرێژای مێژوو ئەویش هەولی مانەوەی خۆیداوە ئەو بووە سەرچاوەیەک بۆ جۆرەها زاڵبوونی نوێ دەوڵەتی بەگشتگیر ی خۆی و هێز و کۆمەڵە و گروپەکان، لە مێژوودا بە شێوەیەک بەکار هات ئەم سەپاندنە کە پاساوی دەسەڵاتدار وەک مرۆڤی باڵا سەیربکرێن بۆ ئەوەی بەسەر ئەوانی تردا زاڵ بێت بەڵام ئیرادەی ئالێنگار لێرەدا لە ململانێدابووە لەگەڵ خۆیدا ئایا دەکرێت مرۆڤ ئازاد بێت بەڵام ژێردەستەی خواستەکانی مرۆڤی باڵابێ ئایادەکرێت مرۆڤ باڵابێ بەبێ ئەوەی ئازادی ئەوانی تر پێشێل بکات؟ مێژوو وەڵامی ئەم پرسیارەی بە خوێن داوەتەوە کاتێک ویستی هێز بووەتە جێگرەوەی ویستی دادپەروەری مێژوو هەمیشە لە نێوان دوو جەمسەری توندڕەودا دەجوڵێتەوە یان کۆیلایەتییەکی بێدەنگ یان شۆڕشێکی خوێناوی ئیرادەی ئالێنگار لێرەدا ئەوەیە کە لە دژی هەردووکیان بوەستێتەوە ئەمە قورسترین جۆری ئالێنگارییە، چونکە مرۆڤی یاخی دەبێت هەمیشە ئاگاداری ئەوە بێت کە خۆی نەبێتە ئەو زاڵەی کە جاران دژی دەجەنگا ئەم هاوسەنگییە لە مێژوودا زۆر بە دەگمەن دەبینرێت بەڵام تەنیا ڕێگەیە بۆ پاراستنی مرۆڤایەتی عەقڵی مرۆڤی ئالێنگار مێژووی کردە مەیدانی ململانێی هێز و لە بیر چوو کە مرۆڤ بەهایەکی هەیە لە دەرەوەی کات ویستی زاڵبوون کاتێک سەرکەوت کە توانی مرۆڤەکان قایل بکات کە هیچ حەقیقەتێک نییە جگە لە مێژوو بەڵام ئیرادەی یاخی و ئالێنگارهەولی سەلماندنی ئەوەی داوە کە شتێک هەیە کە ناوی سروشتی مرۆڤە و ناتوانرێت لەناو ببرێت مێژوو ناتوانێت هەموو شتێک بێت ئەگەر مێژوو هەموو شتێک بێت ئەوا زاڵبوونیش ڕەوایە یاخیبوونیش ناڕەوایە بەڵکو یاخی بوون لێرەدا دەبێتە بەرگرییەک لە دژی ئەوەی کە مرۆڤ تەنیا ببێتە کەرەستەیەکی مێژوویی لە کۆتایی مێژوودا یان ئەوەتا ویستی زاڵبوون هەموو شتێک وێران بکات و ئاراستەی مێژوو بە دیدی ئەوان ئاراستەبکرێ، بەڵام هەر مێژووە تۆمارەکانی سەلمێنەری ئەوەن کە ئیرادەی ئالێنگار دەتوانێت جیهانێکی مرۆیی بنیاد بنێت( کامۆ، ٢٠١٦، ١١٧، ١٧٩، ١٨٦، ١٨٧، ٢٧٢؛ جاک کانفیلد، ٢٠١٢، ١٣٢، ١٣٥، ١٤٠ ؛شەریعەتی، ٢٠١٤، ٦٤، ٦٧، ٧٣؛ مەریوان وریا قانع، ٢٠١٦، ٥٨، ٦٣ ).

کامۆ بانگەشەی ئەوە دەکات کە یاخیبوون کارێکی بێ کۆتاییە هەرگیز ڕۆژێک نایەت کە یاخیبوون کۆتایی بێت، چونکە هەمیشە ویستی زاڵبوون بە شێوەیەکی نوێ سەرهەڵدەداتەوە ئیرادەی مرۆڤی ئالێنگار وەک ڕووناکییەک وایە کە لە ناو تاریکیدا دەدرەوشێتەوە بەر بەو ویستە ناڕەوایە چێژبینە دەگرێت ئەو ڕەنگە جیهان بە تەواوی ڕووناک نەکاتەوە بەڵام ڕێگەی دەربازبوون لە نێوان ستەمکارییەکاندا نیشان دەدات دەسەڵاتدارەکان ناتوانن تەنیا بە ناوی هێزەوە حوکم بکەن، بەڵکو بە ناوی یاساکانی دادگەری هەوڵدەدەن ئەم هەنگاوە بنێن ئەگەرچی ئەم ساختەچیەتیە مرۆڤیان دەکردە قوربانی ئیرادەی مرۆڤی یاخی لێرەدا تووشی ئالۆزییەکی گەورە دەبێت چۆن دەتوانێت دژی ستەمێک بوەستێتەوە کە دەڵێت من لە پێناو داهاتوویەکی باشتردا دادگەری خەیاڵ بەهاکانی خۆبەختکردنی دادگەری تۆ دەکوژم؟ ئەم ململانێیە نێوان یاخی ئێستا'ی مرۆڤ و داهاتوو ی وەهمی ئەم وێنەیە ناوەڕۆکی مێژووی خوێناوی مێژووی مرۆڤایەتی پێکدەهێنێت چونکە کاتێک دەوڵەت دەبێتە خاوەنی هەموو حەقیقەتەکان، ئیرادەی تاک تەنیا لە ڕێگەی فەنابوونەوە دەردەکەوێت ویستی مرۆڤی زاڵ لەم قۆناغەدا دەگاتە لوتکە چونکە

نەک هەر جەستە بەڵکو ویستی ناوەکی مرۆڤەکانیش کۆنترۆڵ دەکات یاخیبوون لێرەدا دەبێتە تاوانێکی گەورە چونکە سیستەمەکە پێیوایە کە ئەو نوێنەرایەتی کامڵبوونی مێژوو دەکات بۆیە کامۆ پێی وایە مرۆڤی یاخی لەم دۆخەدا تەنیا یەک بژاردەی هەیە یان ئەوەتا ببێتە بەشێک لە ئامێری کوشتن یان ببێتە قوربانییەکی بێدەنگی مێژوو ئەگەر مێژوو هیچ مانایەکی تێدا نەبێت، ئەوا ویستی مرۆڤی زاڵ دەبێتە تەنیا پێوەر بۆ ڕاستی کامۆ پێیوایە کە یاخیبوون تەنیا ڕەتکردنەوە نییە، بەڵکو سەلماندنی بەهایەکی هەمیشەییە کاتێک مرۆڤی یاخی لە مێژوودا دەدۆڕێت تەنیا بە جەستە دەدۆڕێت بەڵام ئیرادەکەی وەک شاهیدێک لەسەر نادادی دەمێنێتەوە مێژوو لە ڕاستیدا گۆڕەپانی جەنگی نێوان ئەو هێزەیە کە دەیەوێت هەموو شتێک بکاتە یەک ئەو هێزەی کە دەیەوێت جیاوازییەکان بپارێزێت ویستی زاڵبوون لە سەدەی بیستەمدا بووە کارێکی تەکنیکی و کارگێڕی. کوشتن چیتر بەهۆی تووڕەییەوە نەبوو بەڵکو بەهۆی پلانێکی وردی مێژووییەوە بوو بەڵام ئیرادەی مرۆڤی یاخی دەبێت لە دژی ئەم عەقڵە ساردە ڕاپەڕێت کە مرۆڤ وەک کەرەستەیەکی خاو دەبینێت ئەمە گەورەترین ئالێنگارییە چونکە زاڵ لێرەدا خۆی بە ڕزگارکەر نیشان دەدات مێژوو نیشانی داوین کە هەر کاتێک ئیرادەی مرۆڤ کورتکرایەوە بۆ ئامانجێکی سیاسی، مرۆڤایەتی لەناو چووە(کامۆ، ٢٠١٦، ٣٣٨، ٣٣٩، ٣٥٨، ٤٤٥، ٣١٩، ٥٣٢؛ بدوي، عبدالرحمان، ٢٠١٣، ٤٤، ٤٨؛ ریشارد، ١٩٨٠، ٢٢، ٢٨).

ئیرادەکان مرۆڤی یاخی لە مێژوودا هەمیشە لە نێوان دوو جەمسەردایە یان ئەوەتا دەبێت مل بۆ جیهانێکی بێ مانا بدات ویستێکی زاڵ دابدات یان ئەوەتا خۆی ببێتە ئافرێنەری ڕێگایەکی نوێ و مانا بۆ ژیان دروست بکات کاتێک مرۆڤ دەگاتە دەسەڵات ویستی زاڵبوون لە ناویدا گەشە دەکات ئەمە ئەو خاڵە مەترسیدارەیە کە تێیدا یاخیبوون لە داوای دادپەروەرییەوە دەگۆڕێت بۆ داوای دەسەڵاتی ڕەها. ئەگەر سەیری تێگ ئیسلامیدا، "یاخیبوون" بەو مانایەی کە کامۆ دایڕشتووە (وەک ڕەتکردنەوەی ڕەهای دەسەڵات)، پێناسەیەکی جیاوازی هەیە. لە ئیسلامدا، سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتێک دەگەڕێتەوە بۆ خودا، بۆیە هیچ مرۆڤێک مافی ئەوەی نییە بە ڕەهای زاڵ بێت بەسەر مرۆڤێکی تردا. ئیسلام "دادپەروەری" (العَدل) بە بنەمایەکی ئەخلاقی و شەرعی سەیر دەکات کە پێش دەسەڵات دەکەوێت؛ ئەگەر دەسەڵاتدارێک لەو بنەمایە لای دا و ستەمی کرد، ئەوا لە ئیسلامدا "فەرمانی چاکە و نەهێکردن لە خراپە" (الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر) دەبێتە ئەرک. بەڵام، جیاوازیی بنەڕەتی لەگەڵ فەلسەفەی کامۆدا ئەوەیە کە ئیسلام بەها ئەخلاقییەکان لە "سروشتی مرۆڤ"ـەوە نا، بەڵکو لە "سەروەری و فەرمانی خودا"وە وەردەگرێت. هەروەها، ئیسلام هۆشداری دەدات لەو یاخیبوونەی کە دەبێتە هۆی "فیتنە" و تێکچوونی ڕیزەکانی کۆمەڵگە، بۆیە داوا دەکات ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم بە حیکمەت، دادپەروەری و پاراستنی خوێنی مرۆڤەکان بێت، نەک بە هەمان ئەو شێوازە توندوتیژ و ئایدۆلۆژیانەی کە دەبنە هۆی دروستکردنی ستەمکارییەکی نوێ. بە کورتی، لە ئیسلامدا مرۆڤ لە بەرامبەر خودادا بەندەیە، بەڵام لە بەرامبەر ستەمکاردا ئازادە، بە مەرجێک ئەو ئازادییە نەبێتە هۆی وێرانکردنی بنەماکانی مرۆڤایەتی.

### بەشی چوارەم: بەراوردی نێوان کامۆ و هانتنگتن بۆ هاتنەکایەی قۆناغی نوێی مێژوویی

یاخی بوون سروشتی مرۆڤە، ئەم یاخیبوونە دەبێ لە خۆیدا بدۆزێتەوە. یاخیبوون لە رووی لۆژیکییەوە جۆرە بڕیاردانێکە بۆ نەهێشتنی هیچ جۆرێک لەسەپاندنی نادادی لەم خالەیە یاخی

بـوون دژی ئەو ڕەوتە مـێژووە بـاوەیە کە لە قۆناغەکـانی مـێژووی مرۆڤـایەتی خـۆی نەش و نیماکردووە، ئەوا دەبێ لە دژی مێژوو بوەستێتەوە یاخیبوون تەنیا یەک داوای هەبووە لەمێژوو ئەویش هەڵگرتنی پەیامێکی جیهانی بووە واتا لە تاکە و گروپەکانەوە بانگەشەکەیان بەجیهانی بکەن ئەویش بەدیهێنانی یەکێتییە لەو جیهانەدا کە دابەش کراوە پەیامەکانی یاخی بوون لەسەر بنەمای هێنانی دادگەری و پشگیری لەمافی چەوساوەکان بووە هەموو جۆرە یاخیبوونێک ئەگەر ئامـانجەکەی تەنیـا تێکـدان بێـت ئەوا هەر لە سـەرەتاوە مەحکـومە بە شکسـتی مـێژوویی ئەم کردیە کردەیەکی مێژووییە هەموو ئیلهامی گۆڕانکاری و هەوێنی هەماهەنگی یاخی بوونی خۆی لە هنـاوی مـێژوو دەردەهێنێـت بەتـایبەت ئەو وێنەگشـتیەیی کە سـەپاندن بەنـاوی ئایـدۆلۆژیای جیاواز کۆمەڵگای مرۆڤایەتی فریوداوە (کامۆ، ٢٠١٦: ١٧، ٢٢، ٢٥، ١٠١، ١٥٤، ٢٨٣، ٣٥٤) شارستانیەتی ڕۆژئاوا جیهانی داگیرکرد بۆ ماوەی سێ سەدەیە زۆر بەڕێخراوەی هەنگاوەکانی خۆ سـەپاندنی سـەر جیهـان بەڵاوە پێکردوە نەیارەکانیش بەهەر هـۆ پێناوێـک خستۆتە گۆشـەیەکی نادروسـت بەهەمـوو جـۆرە هێزێـک سـەرکوتی کـردوون ئەم داگیرکـردنەش، نەك لەبەر ئەوەی بـیرۆکە و بەهـا و ئـایینەکەی لە هی ئەوانی تـر باشـتر بـوو بەڵکـو لەبەر ئەوەی لە بەکارهێنـانی توندوتیژی ڕێکخراودا سەرکەوتوو بوو (هەنتینگتۆن، ب. س، ٤٤، ٤٥، ٤٦، ٤٧).

بۆیە کامۆ ئەم قۆنـاغی نـوێی مێژوو کە لەژێر دەیان ناو و درشـمی جۆراوجـۆر ڕێکخـراوە پێی وایە وادەکات جۆرێـک هۆشـیاریی یاخیبوون دەسـت پێ دەکات کە تێیدا مرۆڤ چیتر قبـوڵی ناکات تەنهـا شـتێک بێـت لە نـاو ئەو مێژوودا کە هێزی خـۆ سـەپێن دروسـتی کـردووە کامۆ  یاخیبوون بەئەو بزوێنەر ە دەخەملێنێت کە مرۆڤ لە ژێردەستەییەوە دەباتە سەر ئاستی بکەری مێژوویی لێرەدا قۆنـاغی نـوێی مێژوو وەک ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نوێ لەنێو مێژووی ململانێ دەسـت پێ دەکات لە یاخیبووندا مرۆڤ لە خۆی تێدەپەڕێت و دەچێتە ناو ئەوانی ترەوە لێرەوەیە یاخیبوون مـرۆڤ لە تاقـانەیی ڕزگـار دەکـات یـاخیبوو ناخوازێـت ببێـتە بکـوژ، بەڵکـو دەخوازێـت ببێـتە بەربەسـتێک لە بەردەم بکوژەکانـدا کەبەنـاوی دەیـان بانگەشـەی جۆراوجـۆر مرۆڤەکـانی پێ دەکوژرێت لە پێناو سەپاندنی سیستەم هەمیشە دەسپێکەکەی  سنوور دانانە بۆ ستەمکاری، یاخیبوون تەنیا کاتێک دەمرن کە جیهان بە تەواوی ڕێکبخرێت یان بە تەواوی وێران بێت، بۆیە ئەو تێگەیشـتنەی کـامۆ بە پـێچەوانەی شۆڕشـەوە، هەمیشـە دەگەڕێـتەوە بـۆ سـەر ئەسـڵی کەرامەت مـێژوو پـێی وایە تـاقیکردنەوەیەکی گەورەیە بـۆ یـاخیبوون، لە مـێژوودا هەوڵـێکە بـۆ ئەوەی مرۆڤ ڕزگاری بێت لەو چارەنووسە مەحکومەی کە بۆی دیاری کراوە ئازادیی ڕاستەقینە لە یاخیبوونێکی سنووردارادایە، نەک لە زاڵبـوونێکی بێ سنوور سـەردەمی ئێمە مەیلی وایە چیتر هیچ شتێک لە پشت مێژووەوە نەهێڵێتەوە، ئەمەش مەترسییە بۆ سـەر ئەو سـەپاندن و تاک جەمسـەریەی خۆرئاوا دەیان ساڵ کۆششی. بۆدەکات بۆیە هانتینگتن هاوڕای کامۆیە پێی وایە هانتینگتن (٣) باس لەوە دەکات کە ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی بمێنێتەوە دەبێت دان بەوەدا بنێت کە جیهان فرە شارستانییە ئەو پێی وایە جیهانگیری بە واتای  ڕۆژئاوایی بوون نایەت ئەوەی ڕۆژ ئاوا دەیکات خـۆ سـەپاندنە بەڵام  قۆنـاغێکی نـوێی دروسـت دەبێـت ئەویـش ناچـار بـوونی هـێزی خۆسـەپێنە کە دانپێـدانانە بەوانی تـردا بـکە بەهـێزە و  زاڵبووەکان بانگەشـەی باڵادەسـتبوون سـەپاندنی هەژموون دەکەن خاوەنی کەلتوورەکانیش بە کەلتوورکانیان خـۆڕاگر دەبن و لێبڕاوانە بانگەشـەی باڵادەسـتبوونی خۆیـان دەکەن ئەو وڵاتـانەی کە لە ڕووی کولتـوورییەوە لە یەك دەچـن، هاوکاری ئـابووری و سیاسی لە نێوانیاندا گەشـە دەکات لێرەش یـاخی بـوون لە تـاک و گروپ دەگوازرێتەوە بۆ دەوڵەت و شارستانیەت(هانتینگتن، ب. س، ٩٢، ١٠٤، ١٠٥، ٢٨٩؛

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

**كـــامۆ، ٢٠١٦**، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٢١٠، ، ٢٤٤، ٢٤٨، ٢٧٠، ٢٩٨، ٢٩٩، ٣٠٠، ٣١٢).

کامۆ باس لەوە دەکات کە چۆن تاکەکان لە قۆناغی نوێی مێژوودا پەنا بۆ تیرۆر دەبەن بۆ ئەوەی دەنگیان بگات ئەوەش ئەوکاتە کە سەپاند و زاڵبوون هەمووشتێکی دەستبەسەرداگرتووە، هەر ئەم قۆناغە ڕەوایەتی دووڵایەنە دەچێتە نوێ ڕێڕەوی مێژوو چۆن سەپاندن خۆی وەک بەهای ڕەوا و پارێزگاری کۆمەڵگا دەبینێت ئەوهاش یاخی بوونی گروپ و مرۆڤەکان بەڕەوای دەزانن کوشتن ئەنجام بدەن ئەو باس لە تیرۆریستە میهرەبانەکان دەکات کە لە ناو ململانێی ئەخلاقیدان (کامۆ، ٢٠١٦، ٢٤٨، ٢٤٩، ٢٦٦، ٢٦٧ ).

هانتینگتن باس لەوە دەکات کە چۆن ناسیۆنالیزم لە قۆناغی نوێدا دەگۆڕێت بۆ "ناسیۆنالیزمی شارستانی". دەوڵەتەکان چیتر تەنها بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی ناجەنگن، بەڵکو بۆ پاراستنی کلتوورەکەیان ئەمە گۆڕانکارییەکی گەورەیە لە مێژووی سیاسی ئاماژە بەوە دەکات کە ناسنامە ئەگەر تەنها ببێتە ڕابردوو، مرۆڤ دەخنکێنێت هانتینگتن مێژووی نوێ بە مێژووی گەڕانەوە بۆ خوێن دەبینێت بەڵام کامۆ داوا دەکات مێژوو لەسەر بنەمای بەهای هاوبەشی مرۆیی بنیاد بنرێت، کەچی هانتینگتن ئەم جۆرە توندوتیژییانە وەک بەشێک لە جەنگی گروپەکان لە قۆناغی نوێدا دەبینێت لای کامۆ ئەمە قەیرانی تاکە لە بەرانبەر مێژوودا، بەڵام لای هانتینگتن ئەمە ئامرازێکی سیاسییە بۆ چەسپاندنی ناسنامە ئەم بەشە نیشانی دەدات کە توندوتیژی لە قۆناغی نوێدا شێوازێکی جیاوازی وەرگرتووە **(**هانتینگتن، ب. س، ١٢٤، ١٩٨، ٢١٢، ٢٨٩؛ کامۆ، ٢٠١٦، ١٢٥، ١٨٥، ٣٠٣).

ئەمە چەمکی سەرەکیی هانتینگتنە بۆ قۆناغی نوێی مێژوو. ئەو دەڵێت ململانێی گەورەی ئایندە لە نێوان شارستانییەکاندا دەبێت نەک لە نێوان وڵاتەکان یان چینەکان. ئەمە مێژوویەکی نوێیە کە تێیدا "هێڵە خوێناوییەکان" لە شوێنی سنوورە سیاسییەکان دادەنرێن. کامۆ لێرەدا دەڵێت هەر ململانێیەک کە مرۆڤ تێیدا ببێتە "ژمارە" و لە "مرۆڤبوونی" دابماڵرێت، گەڕانەوەیە بۆ بەربەریەت. هانتینگتن ئەمە وەک واقیعێکی مێژوویی دەبینێت، بەڵام کامۆ وەک کارەساتێکی مێژوویی وەسفی دەکات. لێرەدا کامۆ باس لەوە دەکات کە چۆن یاخیبوونی مرۆیی دەگۆڕێت بۆ شۆڕشی مێژوویی. لە قۆناغی نوێدا، شۆڕشەکان دەیانەوێت جیهان سەرلەنوێ دروست بکەنەوە، بەڵام زۆرجار کۆتاییان بە تیرۆر دێت کامۆ پێی وایە ئەمە لادانە لە مێژووی ڕاستەقینە، هانتینگتن لای وایە شۆڕشەکانی قۆناغی نوێ چیتر چینی کۆمەڵایەتی نین، بەڵکو شۆڕشی ناسنامەن بەراوردکارییەکە لێرەدایە کە کامۆ دەڵێت شۆڕش مێژوو تێکدەدات، بەڵام هانتینگتن دەڵێت شۆڕشە کلتوورییەکان مێژوویەکی نوێ بنیاد دەنێن(کامۆ، ٢٠١٦، ١٨٥ ؛ هانتینگتن، ب.س، ١٥٣، ١٥٤).

کامۆ ڕەخنەی توند لەو فەلسەفانە دەگرێت کە مێژوویان کردووە بە (خودا) ئەو پێی وایە قۆناغی نوێی مێژوو تووشی نەخۆشیی مێژووپەرستی بووە مرۆڤ لێرەدا ئامادەیە هەموو شتێک بکات لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە مێژووییەکاندا ئەمە ئەو خاڵەیە کە تێیدا یاخیبوون دەمرێت و شۆڕشی خوێناوی لەدایک دەبێت. کامۆ دەڵێت ئەمە ئەنجامی لادانی فیکریی مرۆڤە لە ئەرکی یاخیبوونە ئەخلاقییەکەی کامۆ باس لەوە دەکات کە چۆن دەوڵەتە مۆدێرنەکان لە قۆناغی نوێی مێژوودا تیرۆر دەکەنە بەشێک لە سیستەمەکەیانئەمە قۆناغی تیرۆری بە یاساییکراو مرۆڤ لەم قۆناغەدا چیتر لەبەر حەق ناکوژرێت، بەڵکو لەبەر زەروورەتی مێژوویی دەکوژرێت هانتینگتن ئەم توندوتیژییە مێژووییە بۆ پێکدادانی بەهاکان دەگێڕێتەوە، کامۆ لە بەرانبەردا،

کاتێک باسی ئایینی ڕەندی دەکات، ئاماژە بەوە دەدات کە چۆن هەر ئایینێک یان ئایدۆلۆژیایەک کە مێژوو داگیر بکات، کامۆ بە شکستی دیالۆگی مرۆیی دەزانێت، لای کامۆ، ئایین وەک هێزێکی ڕەها لە مێژوودا ڕەت دەکرێتەوە، بەڵام لە قۆناغی نوێدا، ئایین دەبێتە ناسنامەی جێگرەوەی ئایدۆلۆژیا ئەمە نیشانی دەدات کە قۆناغی نوێی مێژوو، کامۆ هۆشداری دەدات کە ئەمە مردنی یاخیبوونە و سەرەتای قۆناغێکی تاریکە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە تێیدا عەقڵ دەبێتە بکوژ( کامۆ، ٢٠١٦، ٢١٧، ٢١٨، ٢١٩، ٢٢٣، ٢٢٥).

مەترسی جیاوازییەکە لێرەدایە کە هانتینگتن ململانێکە بە پێویست دەبینێت، هانتینگتن ئەم توندوتیژییە دەوڵەتییانە لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی شارستانییەکاندا لێکدەداتەوە هەنتینگتۆن ئەمە لای ئەو واقیعێکی جیۆپۆلەتیکی قۆناغی نوێیە باس لە قۆناغێکی نوێ دەکات کە تێیدا ململانێی نێوان ئیسلام و ڕۆژئاوا دەبێتە تەوەرەی مێژوو ئەو ئاماژە بە سنووره خوێناوییەکانی ئیسلام لە جیهانێکی فرەشارستانیدا، تاکە ڕێگە بۆ ڕێگری لە جەنگ، ئەوەیە کە دەوڵەتە چەقەکان دەست وەرنەدەنە ناو کاروباری شارستانیەتەکانی ترەوە، مرۆڤ بەرەو چەرخێک دەچێت کە دەبێت شارستانییە جیاوازەکان فێر بن پێکەوە بە ئاشتەوایی بژین، پێکەوە بگونجێن، پێکەوە فێر بن، مێژوو، هونەر و کولتووری یەکتر بخوێننەوە و ژیانی یەکتر دەوڵەمەند بکەن لەم جیهانە پڕ لە نفوسەدا، لێکتێنەگەیشتن گرژی و پێکدادان کارەساتی بەدوایەوە ئایندەی ئاشتی و شارستانی بەگوێرەی هاوکاریکردن و لێکتێگەیشتنی ڕابەرە سیاسییەکان، پیاوانی ئایینی و زانایانی شارستانییە سەرەکییەکانی جیهان دێتە دی شارستانییە گەورەکانی جیهان دەتوانن بەهۆی دەسکەوتی دەوڵەمەندی ئایینی، هونەری ئەدەبی و فەلسەفی و زانستی و تەکنەلۆژی، ئاکار و لێبووردەییەوە پێکەوە پەیوەست بن لەم سەردەمە تازەیەدا، پێکدادانی شارستانییەکان، دەبێتە گەورەترین هەڕەشە بۆ ئاشتی جیهانی دڵنیاترین گەرەنتی لەبەرامبەر شەڕی جیهانیدا، سیستمێکی جیهانییە کە بەگوێرەی شارستانییەکان بنیاتنرابێت، لە قۆناغی نوێی مێژوودا، ئایین دەگەڕێتەوە ناو کایە سیاسییەکان ئەمە بە پێچەوانەی پێشبینییە مۆدێرنەکانەوەیە کە دەیانگوت ئایین نامێنێت هەنتینگتن ئەمە بە ژیانەوەی ئیسلام و ئاسیاییکردنەوە ناودەبات گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو بە ئامرازی مۆدێرن، نەک پچڕان لە ڕابردوو(هەنتینگتۆن، ب. س، ٨٢، ٨٣، ٨٤، ٢٧٠).

مێژووی نوێ لە دوای جەنگی ساردەوە دەچێتە قۆناغێ نوێ، کە تێیدا ململانێ لە ئایدۆلۆژیاوە دەگۆڕێت بۆ کلتوور و ئایین ئەو پێی وایە مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگ و ڕیشە بنەڕەتییەکانی خۆی کە شارستانییەتەکانە ئەو پێی وایە مێژوو بە کۆمەڵ دەستپێدەکات دەوڵەتداری بەم ڕۆلە هەلدەستێ کەلتوور پالنەرەکەیە و ئاین بزوێنەرەکەیەتی(هەنتینتگتۆن، ب، س، ١٧). بەڵام لای کامۆ، دەسپێکی مێژووی ڕاستەقینەی مرۆڤ لە یاخیبوونەوە دەست پێ دەکات، مێژوو کاتێک مانا پەیدا دەکات کە مرۆڤ نەخێر و دژی بێمانایی گەردوون ڕادەپەڕێت ئەو پێی وایە بە کردەوەیەکی تاکەکەسی و ویژدانی دەستی پێ دەکات و کۆمەل و شۆڕشەکان لەسەری پێدەگرن(کامۆ، ٢٠١٦، ١٥) لەبارەیچەقی مێژوو جیاوازی زۆر لەنێوان ئەم دوو هزرمەندە هەیە لای هەنتینگتۆن چەقی مێژوو ئەو قۆناغەیە کە شارستانییەتی ڕۆژئاوا ڕووبەڕووی تەحەدای شارستانییەتەکانی تری وەک ئیسلام و چین و هێزەکانی تر دەبێتەوە چیتر سەپاندنی گشتگیری پێ بەردەوامی پێ نادرێ لەم قۆناغە لێرەدا چەقەکە بریتییە لە پاراستنی هاوسەنگیی هێز و سنووره خوێناوییەکان هەنتینگتۆن جەخت لەسەر مانەوەی کلتوور دەکاتەوە(هەنتینگتۆن، ب.س، ٧١). لە بەرامبەردا، کامۆ چەقی مێژوو لە یاخیبوونی میتافیزیکی

دا دەبینێتەوە لای ئەو ململانێی سەرەکی گۆڕەپانی جەنگ نییە، بەڵکو ململانێی مرۆڤە لەگەڵ خودی خۆی و خودا بۆ سەلماندنی دادپەروەری. لە کاتێکدا کامۆ جەخت لەسەر پاراستنی شکۆی مرۆیی دەکات (کامۆ، ٢٠١٦، ٣٥). مێژوو بە ئاراستەی پێکدادانی گەورە دەڕوات کاتەک ئەو خۆزەپاندنە بەردەوامی هەبێ، بەتایبەت لەو شوێنانەی کە پێیان دەڵێت هێڵەکانی لێکترازان ئەو پێی وایە مێژوو بەرەو جیهانێکی فرە شارستانی دەچێت کە تێیدا ئاشتی تەنها لە ڕێگەی تێگەیشتنی کلتوورییەوە دەبێت (هەنتینگتۆن، ب. س، ١٨٥). هەرچی کامۆیە پێی وایە کە مێژووی مۆدێرن بەرەو تێکچوونی بەهاکان هەنگاو دەنێت مێژوو ئەگەر ڕێڕەوی یاخیبوونی ڕاستەقینە ون بکات، دەبێتە کوشتارگەیەکی گەورە کە بە ناوی ئایدۆلۆژیاوە مرۆڤ تێیدا دەکرێتە قوربانی، هەمووو ئەوانەشی کە ڕۆژانێک کرۆکی یاخیبوون بوون دواتر خۆیان لە ئایدۆلۆژیاک ڕێکخست هیچ گیانێکی یاخبوون و وەستانەوەیان تێدانەمائەوەش ڕەنگدانەوە هەبووە لەسەر مێژوو (کامۆ، ٢٠١٦، ١١٥). ئەو ڕەنگدانەوەیەش خۆی لە بزوێنەری مێژوو دەبینێتەوەکە لەم خاڵەش جیاوازی زۆر لەنێوان کامۆ و هەنتینگتۆن داهەیە چونکە هەنتینگتۆن پێی وایس ئایین و نەریتدەبنە بزوێنەری مێژوو لەداهاتوو ڕۆڵیان هەیە لەبەریەکەوتنەجیهانیەکان کە پێشوتر وێنەی نەبووە، لەبەرامبەردا کامۆش پێی وایە عەقڵ و ئازادی ئەو پەنایەن کە یاخبوون تێیدا لەدایک دەبێت دەستەنۆ ناکرێت گەر سەرەتا سەرنج بدەینە دیدگێ هزری هەنتینگتۆن ئەو پێی وایە ئایین بزوێنەری سەرەکی مێژووە و ژێدەرەوەی ئیسلام وەک نموونەیەکی زیندوو دەهێنێتەوە. ئەو دەڵێت مرۆڤەکان بەپێی ئەوەی سەر بە چ ئایینێکن مێژوو دەنووسنەوە، چونکە مێژوو چارەنووسە (هەنتینگتۆن، ب.س، ٩٧). بەڵام تێروانین کامۆ، بزوێنەری مێژوو یاخیبوونی مێژوویيە کە تێیدا مرۆڤ دەیەوێت بەسەر خوداکوژێدا زاڵ بێت مێژوو وەک هەوڵێکی بەردەوامی مرۆڤ بۆ دەربازبوون لە ژێردەستەیی دەبینێت، نەک تەنها وەک جێبەجێکردنی نەریتی کلتووری بەلکو مێژوو هەڵبژاردنە(کامۆ، ٢٠١٦، ١٨٥، ٢٤٠).

لەلای هەردووکیان گرفتەک هەیە ئەویش قەیرانی مێژووە، کە پاشەکشەی ڕۆژئاوا و بێدەنگیی گەردوونیەتت قەیرانی مێژوو لای هەنتینگتۆن لە کاڵبوونەوەی ڕۆژئاوا و تێکچوونی سیستەمی جیهانی دەردەکەوێت ئەو هۆشداری دەدات کە ئەگەر ڕۆژئاوا خۆی نەگۆڕێت، مێژوو دەیکەوێنێت چونکە مەترسییەکە سیاسییە( هەنتینگتۆن، ب.س، ٧١). بۆ کامۆ، قەیرانەکە لە تیرۆریزم و مێژوو دا خۆی وێنەدەکات بەرجەستە دەبێت. کاتێک یاخیبوون دەگۆڕێت بۆ شۆڕشی دەسەڵاتخواز، مێژوو دەبێتە زیندان. کامۆ باسی هێچگەرایی و مێژوودەکات وەک مەترسییەک کە تێیدا مرۆڤ مانا لەدەست دەدات و مەترسییەکەش وجوودی و ئەخلاقییە (کامۆ، ٢٠١٦، ١٧٨). هەرچەندە مێژوو کۆتای نیە بەڵکو ڕێککەوتنی شارستانی یان سنوورییەهەنتینگتۆن بڕوای بە کۆتایی مێژوو بەو مانایەی کە لیبرالیزم سەربکەوێت نییە، بەڵکو پێی وایە مێژوو بە پێکدادان یان هاوسەنگیی نێوان شارستانییەتەکان بەردەوام دەبێت (هەنتینگتۆن، ب.س، ٣٣٩). کامۆ کۆتایی مێژوو لە چەمکی مێژوودا نابێت بگاتە کۆتاییەکی ڕەها، چونکە هەر سیستمێکی تۆتالیتار کە بانگەشەی کۆتایی مێژوو بکات، ئازادی دەکوژێت کۆتایی مێژوو گەیشتنە بە هاوسەنگییەک لە نێوان یاخیبوون و قبوڵکردنی سنوورەکانی مرۆڤبوون، نەک سەرکەوتنی لایەک بەسەر لایەکی تردا(کامۆ، ٢٠١٦، ٢٧٠).

پەراوێزەکان:

**١. فرەچەشنی وەک حیکمەتێکی خودایی:** ئیسلام جیاوازیی شارستانییەکان و نەتەوەکان بە "سروشتی" و "پلان بۆ دارێژراو" دەبینێت نەک وەک هۆکارێک بۆ ململانێی خوێناوی. خودای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿**وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَـٰكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ ۖ فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ**﴾ (المائدة: ٤٨). واتە: ئەگەر خودا بیویستایە هەمووتانی دەکرد بە یەک ئوممەت، بەڵام ویستی بەو جیاوازییانە تاقیتان بکاتەوە، کەواتە لە کارە چاکەکاندا پێشبڕکێ بکەن. ئەمە بە پێچەوانەی دیدگای "پێکدادانی شارستانییەکان"ی هانتنگتنە، چونکە ئیسلام بانگەشە بۆ "یەکتری ناسین" (تعارف) دەکات: ﴿**يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا**﴾ (الحجرات: ١٣).

**٢. ڕەتکردنەوەی مێژووپەرستی و ستەمکاری:** کامۆ هۆشداری دەدات لەو سیستەم و ئایدۆلۆژیانەی کە مێژوو دەکەن بە "خوداوەند". ئیسلامیش بە توندی دژی ئەمەیە، چونکە تاکە سەرچاوەی سەروەری بۆ خودایە. ئەو دەسەڵاتدارانەی کە بە ناوی "زەروورەتی مێژوویی" یاخود "ئایدیۆلۆژیا" ستەم دەکەن، لە دیدگای ئیسلامیدا ئەوانە سنوورەکانی خودایان بەزاندووە. قورئان هەمیشە هۆشداری دەدات لە سەرکێشی و ستەمی دەسەڵاتداران: ﴿**فَأَمَّا مَن طَغَىٰ * وَآثَرَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا * فَإِنَّ الْجَحِيمَ هِيَ الْمَأْوَىٰ**﴾ (النازعات: ٣٧-٣٩). ئیسلام مرۆڤ هان دەدات کە "یاخی" بێت لە ستەم بەڵام بە شێوازێک کە نەبێتە هۆی وێرانکاری، بەڵکو بە شێوازێک کە دادپەروەری بچەسپێنێت.

**٣. مێژوو وەک وانەیەک بۆ ئاییندە:** لە کاتێکدا کامۆ و هانتنگتن لە قەیرانی مێژوو دەدوێن و لە داهاتوو دەترسن، ئیسلام مێژوو بە "گەڕانەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەکان" نەک وەک کۆتایی، بەڵکو وەک وانەیەک بۆ بونیادنان دەبینێت. مێژوو بۆ ئیسلام بریتییە لە بینینی ئەنجامی ئەو گەلانەی کە لە دادپەروەری لایان داوە: ﴿**أَوَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ**﴾ (الروم: ٩).بە کورتی، جیهان لە دیدگای ئیسلامیدا نابێت ملکەچی هەژموونی هیچ شارستانییەتێکی دیاریکراو بێت (وەک ڕۆژئاوا)، بەڵکو پێویستە لەسەر بنەمای "دادپەروەریی گەردوونی" و "ڕێزگرتن لە مرۆڤایەتی" بەڕێوەبچێت. ئەگەر شارستانییەتەکان لەسەر بنەمای "پێکەوەژیان" و "کار بۆ چاکە" ڕێکبکەون، ئەوا مێژوو دەبێتە پردێک بۆ سەرفرازی، نەک گۆڕەپانی کوشتارگە. ئیسلام پێیوایە مرۆڤ هەرچەندە یاخی بێت لە دژی بێدادی، بەڵام دەبێت ئەو یاخیبوونەی لە چوارچێوەی ئەخلاقی ئیلاهی و پاراستنی خوێنی مرۆڤەکاندا بێت، نەک لە دژی سروشتی مرۆیی خۆی.

**ئەنجام:**

**یەکەم:** ڕێڕەوی مێژوو تەنیا پێشکەوتنێکی هێڵی نییە لە کەرەستە و تەکنەلۆژیادا، بەڵکو دەرئەنجامی ململانێ قووڵ و بێبڕانەوەی نێوان دوو هێزی دەروونی و جیهانبینی کێبڕکێکارە کاتێک مرۆڤی زاڵ لە لای هەنتنگتندا پێکهاتە و شارستانییەتە گەورەکان وەک ئامرازی ڕەهای سەپاندنی هێز و بەرفراوانکردنی هەژموون دادەمەزرێنێت، بە شێوەیەکی مێژوویی و حەتمی دژەباوی خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە کە ئەویش مرۆڤی یاخیی ئەم مرۆڤە یاخییە لە چرکەساتی بەریەککەوتنی لەگەڵ دۆخی دەستکردی ستەمکاریدا بە گوتنی وشەی نا نەک تەنیا کەرامەتی تاکی خۆی، بەڵکو کەرامەتی مرۆڤایەتی لەناو مێژوودا ڕزگار دەکات لە نێوان تینوێتیی دەسەڵات بۆ یەکخستنی جیهان سڕینەوەی جیاوازکەلتووری و هاواری مرۆڤ بۆ پاراستنی بوونی کلتووری و ئەخلاقی خۆی مانا پەیدا دەکات.


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

**دووەم:** لە ئەنجامێکی تر گەیشتن بەو ئەنجامەی توندوتیژی و ستەمکاری خولانەوەیەکی تراژیدی لەخۆدەگرن، کە تێیدا سنووری نێوان یاخیبوون و زاڵکاری زۆرجار لێڵ دەبێت چونکە کاتێک مرۆڤ یاخی لە پێناو گۆڕینی ڕیشەیی ژیاندا بەها ئەخلاقییەکان دەکاتە قوربانیی ئامانجە مێژووییەکان و هاوسەنگیی ناوەکیی خۆی لەدەست دەدات شۆڕشەکەی لە ڕزگاریخوازییەوە دەگۆڕێت بۆ تیۆری دەوڵەتی بەمەش یاخیبووی دوێنێ دەبێتە مرۆڤی زاڵی ئەمڕۆ کە سیستەمێکی سەربازی نوێ بینا دەکات ئەم گۆڕانکارییە دەیسەلمێنێت کە زۆربەی وەرچەرخانە مێژووییەکان لە جیاتی کۆتاییهێنان بە ململانێ تەنیا شێوازی دابەشبوونی هێز و پێگەی چەوسێنەر و چەوساوە دەگۆڕن.

**سێیەم:** ڕێڕەوی مێژوو وەک مەیدانی جەنگێک لە نێوان دوو جۆری هۆشیاریدا هۆشیاریی بەکۆمەڵی دەمارگیر و هۆشیاریی تاکی ئازاد مێژوو لە بنەڕەتدا بە ململانێی نێوان یەکە بەکۆمەڵە کلتوورییەکان واتە شارستانییەتەکان، کە تێیدا تاک هەمیشە ناچار دەکرێت بۆ سەرکەوتنی ناسنامە گەورەکەی، لە ویژدانی سەربەخۆی خۆی دابڕێت و ببێتە سووتەمەنیی پێگەی مرۆڤی زاڵ لە بەرامبەردا کامۆ ڕوانەی مێژووی مرۆڤدۆستانە دەخاتە ڕوو کە تێیدا بزوێنەری ڕاستەقینەی مێژوو بێداربوونەوەی ویژدانی ئەخلاقیی تاکەکەس لە دژی هەڵلووشینی لەناو جەماوەردا لێرەوە مێژووی ڕاستەقینە نەک لە ڕێگەی سەرکەوتنی ئیمپراتۆرییەتەکان، بەڵکو لە ڕێگەی توانای تاکی ئازادەوە بۆ پاراستنی جیاوازییەکانی و گۆڕداچوونەوەی یەکپۆشیی کلتووری دادەڕێژرێتەوە.

**چوارەم:** لە ئەنجامێکی تر گەیشتن بەوەی ڕەگی پێکدادانی شارستانییەتەکان لەسەر ئەم دابەشبوونە خوێناوییە تەنیا جیاوازییەکی ڕووکەشیی ئایینی یان جوگرافی نییە، بەڵکو دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی باڵادەستیی پووجگەرایی نوێیە لە جیهاندا کاتێک مرۆڤی هاوچەرخ مانا بەرز و بەها ئەخلاقییە گەردوونییەکانی ناو مێژوو لەدەست دەدات، شارستانییەتەکەی کورت دەبێتەوە بۆ ئامرازێکی برسی و کوێری هێز کە تاکە مەبەستی، چەسپاندنی باڵادەستیی ماددی بێت بەسەر ئەوانی تردا هەمیشەش وابووە مێژوویەک کە لە بەها کەرامەتییەکان داماڵرابێت بۆتە گۆڕەپانی مرۆڤی زاڵ کە تێیدا کلتوورەکان لەناو ترسی قووڵی لەناوچوونی یەکتردا، هەوڵی زەق کردنەوەی جیاوازییە کەلتوورییەکان دەدرێت کەلتووره ناوچەییەکان کاڵ دەکرێنەوە بۆ لە ناو چون و سڕینەوەی بەرامبەر پەیڕەو دەکەن.

**پێنجەم:** ئاراستە و کۆتای مێژوو ناتوانێت تەنیا لەسەر بنەمایی هێزی ڕووت و حەتمییەتی پێکدادان بەردەوام بێت چونکە مێژوویەک کە تەنیا بە ئیرادەی مرۆڤی زاڵ بەڕێوە بچێت، بە ناچاری بەرەو وێرانکاریی گشتی و کۆتایی هاتنی مرۆڤایەتی هەنگاو دەنێت لەبەر ئەوە، فەلسەفەی مێژوو تەنیا کاتێک لە تێکشکانی کۆتایی ڕزگاری دەبێت کە مەرجە ئەخلاقییەکەی کامۆ، یاخیبوونێک کە هاوسەنگ بێت و دان بە ماف و سنووری ئەوانی تریشدا بنێت و ببێتە پێوەری سەرەکی چونکە سەلمێنراوە هاوسەنگیی مێژوویی لە نێوان شارستانییەتەکاندا نەک لە ڕێگەی توانای سەربازی و زاڵبوونی کلتوورێک بەسەر ئەوانی تردا، بەڵکو لە ڕێگەی داڕشتنەوەی شوناسەکان لەسەر بنەمای قبوڵکردنی فرەیی و پاراستنی کەرامەتی هاوبەشی مرۆڤایەتی دێتە دی.

**شەشەم:** تێڕوانینی ئیسلامی بۆ مێژوو لەو چوارچێوە دوانەییە (دووانەی هێزی زاڵ و یاخیبوونی تراژیدی) دەردەچێت و مێژوو دەخاتە چوارچێوەی "بەدیهێنانی ئەمانەتی ئیلاهی" لەسەر زەویدا. لە دیدی ئیسلامیدا، مێژوو گۆڕەپانی ململانێی بەردەوامی نێوان "هەق" و "باتڵ"ـە، بەڵام ئەم

ململانێیە ئامانجەکەی تەنیا سەرکەوتنی هێز نییە، بەڵکو گەیشتنە بە "دادپەروەریی ڕەها" کە سەرچاوەکەی خودایە. ئیسلام پێیوایە مرۆڤ کاتێک لە مێژوودا سەرکەوتوو دەبێت کە بەندایەتی بۆ خودا بکات و لە چوارچێوەی شەریعەتی خودایدا ئازادیی خۆی بەدەست بهێنێت، چونکە: ﴿**وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِن بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ**﴾ (الأنبياء: ١٠٥). کەواتە لە ئیسلامدا، مێژوو کۆتاییەکەی سەرکەوتنی هێزی سەربازی یان شارستانییەتی زاڵ نییە، بەڵکو سەرکەوتنی ئەخلاق و چاکەکارانە. لەم ڕوانگەیەوە، فرەیی شارستانییەتەکان لە مێژوودا بە پێچەوانەی بۆچوونی هانتنگتن، نە هەڕەشەیە و نە هۆکاری پێکدادان، بەڵکو دەرخەری توانای خودایە لە دروستکردنی مرۆڤایەتییەکی دەوڵەمەند بە هەمەجۆری، کە ئەرکی سەرەکییان "تەعارف" و "هاوکارییە لەسەر چاکە و تەقوا" (المائدة: ٢)، نەک وێرانکردنی یەکتر. بەمجۆرە، مێژوو لە دیدگای ئیسلامیدا بەو یاخیبوونە ئەخلاقییە دەگاتە ئەنجامی خۆی کە مرۆڤ تێیدا لە "ویستی زاڵبوونی خۆپەرستانە" ڕزگار دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ سەر ڕێچکەی دادپەروەری و کەرامەتی مرۆیی کە خودا بۆی دیاری کردووە.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

## ليستی سەرچاوەکان


١. قورئانی پیرۆز.

٢. ئۆجەلان، عەبدوڵلا، (٢٠١٦)، کێشەی کورد و ڕێگەچارەی نەتەوەی دیموکراتیک: لەناو بەردەشی ژینۆسایدی کلتووریدا بەرگریکردن لە کوردان، وەرگێڕانی لوقمان عەبدوڵلا، (چاپخانەی ئەندێشە / یانەی اقرأ الثقافی).

٣. ئایزی، سەرکاو هادی، (٢٠٢٤)، دەوڵەتساز: کوڕەکەی شاژن ماریا، کەویار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، هەولێر.

٤. تۆماس، ئارتور سپراگینز، (ب.س)، تێگەیشتن لە تیۆرە سیاسییەکان، وەرگێڕانی فەرشید شەریفی، (وەشانخانەی اقرأ الثقافی).

٥. شەریعەتی، عەلی، (٢٠١٤)، مرۆڤ، وەرگێڕانی موسعەب ئەدهەم زەڵمی، چاپی سێیەم، ناوەندی بڵاوکراوەی سارا، سلێمانی.

٦. قانع، مەریوان وریا، (٢٠١٤)، مرۆڤ و کەرامەت، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، سلێمانی.

٧. کاکەمەد، کاروان سلێمان، (٢٠١٨)، مرۆڤ و ژیان (بەرگی یەکەم)، چاپی یەکەم، (سەرچاوەی تایبەت)، هەولێر.

٨. کانفیلد، جاک، (٢٠١٢)، بنەماکانی سەرکەوتن، وەرگێڕانی ساڵح سەعید مستەفا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، (کوردستان/عێراق).

٩. لۆبۆن، غۆستاف، (١٩٥٤)، فلسفة التاريخ،ترجمه عادل زعيتر، دار المعارف بمصر، قاهيره.مەرگەیی، نەوزاد خالید ساڵح، (٢٠١٦)، تیۆری سیاسی لای عەبدوڵلا ئۆجەلان، چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.

١٠. هەنتینگتۆن، ساموێل، (ب.س)، پێکدادانی شارستانییەکان، وەرگێڕانی مامەند ڕۆژە، (وەشانخانەی دەزگای ڕۆشنبیری).

١١. إبراهيم سيد أحمد. (٢٠١١). محكمة العدل الدولية. القاهرة: المكتب الجامعي الحديث.

١٢. أمان محمود غانم. (٢٠٠٧). البعد الثقافي في العلاقات الدولية: دراسة في الخطاب حول صدام الحضارات. مصر: دار الجمهورية للصحافة.

١٣. إسماعيل صبري مقلد. (١٩٨٧). نظريات السياسة الدولية: دراسة تحليلية مقارنة. الكويت: منشورات ذات السلاسل.

١٤. آلاء طالب خلف، ورياض مهدي عبد. (٢٠١٥). «المعلوماتية والحروب الحديثة». مجلة واسط للعلوم الإنسانية، مجلد ١١، عدد ٢٩.

١٥. جندلي عبد الناصر. (٢٠١٠). «إشكالية تكيف المنظور الواقعي للعلاقات الدولية مع التحولات الدولية لما بعد الحرب الباردة». مجلة المستقبل العربي، عدد ٣٧٦، لبنان: مركز دراسات الوحدة العربية.

١٦. خالد الجمعة. (٢٠١١). «الأسس القانونية لعدم مشروعية غزو العراق وااحتلاله». مجلة الشريعة والقانون، العدد ٤٨، ص ص. ٢٩٩-٣٦٥.

١٧. سعاد عبد الله محمد، وأحمد حامد علي. (٢٠٢٣). «جيوبوليتيك المساعدات الخارجية الأمريكية والحرب على الإرهاب (الشرق الأوسط أنموذجاً)». مجلة مداد الآداب، العدد (١٣).

١٨. سعد حقي توفيق. (٢٠١٠). مبادئ العلاقات الدولية. الطبعة ٥، بغداد: المكتبة القانونية.

١٩. عبد الله الأشعل. (١٩٩٦). القانون الدولي المعاصر: قضايا نظرية وتطبيقية. القاهرة: دار النهضة العربية للنشر والتوزيع.

٢٠. عبد القادر محمد فهمي. (٢٠٠٩). المدخل في دراسة الاستراتيجية. كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد.

٢١. محمد ياس خضير، وسلام على محمد، ودعاء فاضل كاطع. (٢٠٢٤). «أهداف السياسة الخارجية للولايات المتحدة الأمريكية في الشرق الأوسط منذ العام ٢٠٠١». مجلة المعهد، العدد (١٨).

٢٢. هشام الحلبي. (٢٠٢٠). حروب الجيل الرابع والأمن القومي: فهم التغير في شكل الحرب. الطبعة ١، الإمارات: مركز الإمارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية.

٢٣. لوبيسك، مورفان (١٩٨٥ )البير كامي، حياته و ادبه و فلسفته من كتاباته، ت حسين نديم، دار النهظه العربيه

٢٤. كروكشانك جون(١٩٨٦ )البيير كامو وأدب التمرد ، ترجمة وتعليق : جلال العشري ، القاهرة الهيئة المصرية العامة للكتاب.

٢٥. حسونة الصباحي(٢٠٠٤ )البير كامو يكتب عن الجزائر ، جريدة الشرق الأوسط السعودية

٢٦. شاخت ريشارد ، ١٩٨٠ ، الاغتراب ، ت كامل يوسف حسين، الموسسه العربيه للدراسات والنشر، بيروت، ط١

٢٧. بدوي، عبدالرحمن( ٢٠١٣) دراسات في فلسفة الوجودية، بيروت، ط١

٢٨. جارودی،روجيه (١٩٩٩)، گفتوگۆی شارستانییەتەکان. وەرگێڕانی، عبدالله جلال فتاح دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی

٢٩. رازي، الإمام فخرالدين، (د.ت)، تەفسیری رازي (مفاتيح الغيب)، ج ٢٥. دار الفكر ،بيروت لبنان.

30. MacLeod, A. and O'Meara, D. (2010). Théories des Relations Internationales: Contestations et Résistances. 2nd ed. Paris: Athéna Éditions.
31. Roche, J.J. (1999). Relations Internationales. Paris: Librairie générale de droit et de jurisprudence.
32. Smouts, M.C. (1998). Les Nouvelles Relations Internationales - Pratiques et Théories. Paris: Presses de Sciences Po.
33. Watkins, M. and Rosegrant, S. (2001). Breakthrough International Negotiation: How Great Negotiators Transformed The World's Toughest Post-Cold War Conflict. San Francisco: Jossey-Bass.

List of sources

1. The Holy Qur'an.
2. Ocalan, Abdullah, (2016), The Kurdish Problem and the Solution of a Democratic Nation: Defending the Kurds in the Face of Cultural Genocide, translated by Luqman Abdullah, (Andesha Press / Cultural Reading Club).
3. Aizi, Sarkaw Hadi, (2024), State Builder: Queen Maria's Son, Kewyar, General Directorate of Public Libraries, Erbil.
4. Thomas, Arthur Spraggins, (B.S.), Understanding Political Theories, translated by Farshid Sharifi, (Read Cultural Publishing House).
5. Shariati, Ali, (2014), Man, translated by Mus'ab Adam Zalmi, third edition, Sara Publishing House, Sulaimani.
6. Qane, Mariwan Warya, (2014), Man and Dignity, Andisha Cultural and Art Center, Sulaimani.

7. Kakamed, Karwan Sulaiman, (2018), Man and Life (Volume 1), First Edition, (Private Source), Erbil.
8. Canfield, Jack, (2012), Principles of Success, translated by Salih Saeed Mustafa, 1st edition, General Directorate of Public Libraries, (Kurdistan/Iraq).
9. Lobon, Gustaf, (1954), Philosophy of History, translated by Adel Zaiter, Dar al-Ma'arif in Egypt, Cairo.
10. Huntington, Samuel, (B.S.), The Clash of Civilizations, translated by Mamand Roza, (Publishing House of Culture).
11. Ibrahim Sayed Ahmed. (2011). International Court of Justice. Cairo: University of Hadith Office.
12. Aman Mahmoud Ghanim. (2007). Cultural Distance in International Relations: A Study in Saddam's Speech of Civilizations. Egypt: Republican House of Press.
13. Ismail Sabri Imitation. (1987). Theories of International Politics: A Comparative Analytical Study. Kuwait: Serial Publications.
14. Alaa Talib Khalaf, Waryaz Mahdi Abd. (2015). “Information and Modern Warfare”. Intermediate Journal of Humanities, Volume 11, Number
15. Jundali Abdul Nasser. (2010). “The Problem of Narrowing the Realistic View of International Relations with International Changes after the Cold War”. Arabic Future Magazine, No. 376, Lebanon: Arab Unity Studies Center.
16. Khalid al-Juma'a. (2011). “The legal basis for the delegitimization of the invasion of Iraq and its occupation”. Shari'ah and Law Magazine, No. 48, p. 299-3
17. Saad Abdullah Mohammed and Ahmed Hamid Ali. (2023). “Geopolitics of US Foreign Aid and the War on Terror (Middle East Model)”. Madad al-Adab Magazine, No. (13).
18. Saad Haqi Tawfiq. (2010). Principles of International Relations. Volume 5, Baghdad: Law Office.
19. Abdullah al-Ashal. (1996). Contemporary International Law: Theoretical and Practical Issues. Cairo: Arab Renaissance Publishing and Distribution House.
20. Abdul Qadir Mohammed Fahmi. (2009). Entrance to Strategic Studies. Faculty of Political Sciences, Baghdad University.
21. Muhammad Yas Khadir, and peace be upon Muhammad, and the prayer of Fazil Kati. (2024). “Foreign Policy Objectives of the United States States in the Middle East Since 2001”. Institute Journal, No. (18).

22. Hisham al-Halbi. (2020). Fourth Generation Wars and National Security: Understanding Change in the Shape of War. Volume 1, UAE: UAE Center for Strategic Studies and Research.
23. Lubisk, Murfan (1985) Al-Bir Kami, Life, Literature and Philosophy of Books, by Hussein Nadim, Arab Renaissance
24. Crookshank June (1986) Al-Biber Camus and the literature of education, translated and annotated by Jalal al-Ashri, Cairo, Egyptian Public Book Authority.
25. Hassuna Al-Sabahi (2004) Al-Bir Camus Book on Algeria, Saudi Middle East Newspaper
26. Shacht Richard, 1980, Al-Aghtrab, T. Kamil Yousef Hussein, Arab Foundation for Research and Publishing, Beirut, vol
27. Badwi, Abdul Rahman (2013) Studies in Existential Philosophy, Beirut, vol
28. Jaroudi,Rujia (1999), Dialogue of Civilizations. Translated by Abdullah Jalal Fatah Sardam Publishing House, Sulaimani
29. Razi, Imam Fakhruddin, (DT), Tafsir Razi (Keys to the Unseen), vol. Dar al-Fakr, Beirut, Lebanon.
30. MacLeod, A. and O'Meara, D. (2010). Theories of International Relations: Challenges and Resistance. 2nd ed. Paris: Athena Publishing.
31. Roche, J.J. (1999). International Relations. Paris: General Library of Law and Jurisprudence.
32. Smouts, M.C. (1998). The New International Relations - Practices and Theories. Paris: Science Presses Po.
33. Watkins, M. and Rosegrant, S. (2001). Breakthrough International Negotiation: How Great Negotiators Transformed the World's Toughest Post-Cold War Conflict. San Francisco: Jossey-Bass.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨